
السومرية
ZAGROS
البغدادية

## ”بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا“

### پرۆفیسۆر دیڤید فیلیپس

لە کۆڕێکی هاوبەشی گۆڤاری گوڵان و ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێداندا

# بنەماکانی بوون بە دەوڵەت لە کوردستاندا زۆر زیاترە لە هەریەک لە تەیموری رۆژهەڵات و باشووری سودان و کۆسۆڤۆ

**لە مانگی ئۆکتۆبەری رابردوو گرووپی (Task Force) راپۆرتی «بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق»ی بڵاو کردەوە، ئەم گرووپە لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ لە سەنتەری دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەستی بە کارەکانی کردووە و لە راپۆرتەکەیدا لیستێکی هەمەلایەنیان لە بارەی ستراتیژیەت و میتۆد و دەرئەنجام و راسپاردەوە ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی ببنە نەخشەرێگای بەهێزکردنی رەوتی دیموکراسی لە «کوردستانی عێراق» و برەودان بە هاوکاریی ئەمنی بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. سەرۆکایەتی گرووپی «TASK FORCE» بە باڵیۆز -نانسی سۆدەربێرگ- سپێردرا، کە پێشتر جێگری راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆك کلینتۆن بووە. هەروەها دەیڤید فیلیپس، کە توێژەری کاروباری کوردە و بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، ئەرکی بەڕێوەبەری «TASK FORCE» گرتەئەستۆ. لە بنەڕەتدا راپۆرتەکە تەرکیز لەسەر پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت دەکات لە «کوردستانی عێراق»، هەرچەندە باسی لە هەرێمە کوردییەکانی دیکەش کردووە.**

**دەیڤید فیلیپس، بەڕێوەبەری پرۆژەکە خۆی لە سەردانێکیدا بۆ هەولێر و لە کۆڕێکدا کە بە هاوبەشی لە لایەن گۆڤاری گوڵان و ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان-کوردستان بۆی رێکخرابوو، پوختەی راپۆرتەکەی خستەڕوو، کە تیایدا گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد لە بارەی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی کوردستان و رەوشی ئێستا و ئەگەرەکانی ئایندەی بەردەم کورد و رێگاچارەی جیابوونەوە لە عێراق و کاروانی سەربەخۆیی کوردستان. لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە، سەرەڕای چەند پرسیار و وەڵامێك کە لە لایەن ئامادەبووانی کۆڕەکەوە ئاڕاستەی کرا، هەر سەبارەت بەم ناوەڕۆکی ئەم کۆڕەش گوڵان دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ دیڤید فلیپس ئەنجام دا کە لەگەڵ ئەم راپۆرتە بڵاو دەکرێتەوە.**

● **ئێستا لە سووریا و عێراقدا تەنیا دۆستی ئەمەریکا کوردە**

پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس لە دەستپێکی کۆڕەکەیدا باسی لە سێ بوار کرد و قسەکانی لە سێ تەوەردا چڕ کردەوە:

- راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق
- هەندێ پرسی سیاسی کە بەم دواییە لە کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە
- مەسەلەی سەربەخۆیی و رێگەی بەرەپێشچوون

● **راپۆرتی بنیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا**

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە پرۆفیسۆر فیلیپس گوتی: «ئەوەی پێوەندی بەم راپۆرتەوە هەبێت، ئەوا باڵیۆز نانسی سۆدێربێرگ، سەرۆکایەتی گرووپی تاسك فۆرسی کردووە، کە جێگری راوێژکاری ئاسایش نەتەوەیی بووە لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن-دا. ئەو کەسانەی بەشدارییان کردووە لە راپۆرتەکەدا بەرپرسانی پێشووی ئیدارەی ئەمەریکا و توێژەران و ئەو چالاکانە بوون کە هۆشیار بوون لە بارەی وردەکاریی بارودۆخی ئێرەوە. بەشی زۆری بەشداربووان لە ئەمەریکا بوون، بەڵام کەسانی ئەوروپیشی تێدا بووە. من بەڕێوبەری پرۆژەکەم و لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە بە بەردەوامی سەردانی کوردستان دەکەم و هەست بە خۆشحاڵی دەکەم لە نێوتاندا. ئێمە هەڵسەنگاندمان بۆ بارودۆخەکە کردووە و راسپاردەی ئەوەمان کردووە کە ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان چەکی پێشکەوتووتر بۆ پێشمەرگە دابین بکەن بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەرکەکەیاندا بن بۆ تێکشکاندنی داعش. ئێمە راسپاردەی ئەوە دەکەین کە سەرۆکی ئەمەریکا دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی چەك بە شێوەیەکی راستەوخۆ بدرێتە کوردستان نەك لە رێی بەغداوە ئەو چەکانە رەوانە بکرێت. پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەمەریکا لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی ئەمنی بنکەیەکی سەربازی لە کوردستان دابمەزرێنێت،

ئەو بنکەیەش بە تەواوەتی کارا دەبێت کاتێك کوردستانی عێراق سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت. ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە کوردستان رووبەڕووی چەندین قەیران بۆتەوە، سەرەڕای قەیرانی ئەمنی کە لە داعشدا بەرجەستە بووە، ئەوا رەوشێکی مرۆییش دروست بووە، سەرباری قەیرانی ئابووریش. کوردستان داڵدەی ملیۆنێك و ٧٠٠ هەزار ئاوارەی داوە کە ئەمەش بارگرانییەکی گەورەیە لەسەر شانی کوردستان. راسپاردەی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا هاوکاری راستەوخۆی وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی بکەن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی مرۆیی بنەڕەتی بۆ ئەو ئاوارانەی لە هەرێمەکەتاندان. پێویستە هەرێمی کوردستان پلانێکی گشتگیر ئامادە بکات بۆ قۆناغی دوای ناکۆکی، پێویستە ئەو قۆناغە دۆخی مرۆیی بە پەلە چارەسەر بکات و هەروەها قۆناغی راگوزەریش چارەسەر بکات. پلانەکە لە لایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت. رێگاچارەیەك هەیە پێی دەوترێت: «ئاریا فۆرمیۆلا» کە بە ناوی دیپلۆماتکاری چیللی دییگۆ ئاریا ناو نراوە، بە پێی ئەو میکانیزمە دەکرێت ئەو قەوارەیەی ئەندام نەبێت لە ئەنجومەنی ئاسایشدا بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەم ئەنجوومەنەدا بکات لە هۆڵی کۆبوونەوەی سەرەکی. هەروەها کوردستان رووبەڕووی قەیرانی ئابووری بۆتەوە، کە نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس مووچەخۆری حکومەتن، کە پێویستە ژمارەی مووچەخۆران و مووچەی خانەنشینی کەم بکرێتەوە کە ئەوە بارگرانیەکی زۆری لەسەر بودجەی کوردستان دروست کردووە. هەروەها دەکرێت کورتهێنانی بودجە بە کەمکردنەوەی یارمەتییەکانی دابینکردنی کارەبا و هەروەها بوارەکانی دیکەی وزەش چارەسەر بکرێت. کوردستان پێویستی بە کەرتێکی کارای بانکی هەیە کە هەنگاوی یەکەمیش بە دامەزراندنی بانکی ناوەندی دەست پێدەکات. ئەو راستیەشمان لەبەرچاوە کە بە چەشنی وڵاتانی دەوروبەر گەندەڵی مایەی وشکبوونی سەرچاوەی دەوڵەتە. ئێمە پلانێکمان خستۆتەڕوو بۆ دەستبەرکردنی شەفافییەت و دانانی چاودێری بە شێوەیەك هاووڵاتیان بتوانن سکاڵا لای حکومەت تۆمار بکەن. پلانی ئەوەشمان پێشنیار کردووە کە ئەمەریکا وەك شەریکێکی تەواو مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات. سیاسەتی عێراقی یەکپارچە و یەکگرتوو خەیاڵە. پێویستە ئەمەریکا زیاتر لە نزیکەوە کار لەگەڵ دۆستەکانیدا بکات و کاتێکی کەمتر بۆ رازیکردنی رکابەرەکانی تەرخان بکات. بۆ ئێمە مایەی سەرسوڕمان بوو کە عێراق رێککەوتنی گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری لەگەڵ ئێران و رووسیا و سووریا رابگەیەنێت. ئێمە نیگەران و نارەحەت بووین کە ئاسمانی عێراق لە لایەن رووسیاوە بۆ گواستنەوەی چەك بۆ بنکەی لازقیە بەکار بهێنرێت. دوای خەرجکردنی ترلیۆنەها دۆلار و بە قوربانی بوونی هەزاران سەربازی ئەمەریکا بۆ رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، ئەوا چاوەڕێی زیاترمان لە عێراق دەکرد وەك دۆستێکی ئەمەریکا. پێویستە ئەمەریکا هەل و مەرجی سەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو بگرێت و بەربەست دروست نەکات لە بەردەم کاروانی سەربەخۆیی کوردستان. دوا بڕیار لەبارەی سەربەخۆییەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ئەوان ئەو بڕیارە دەدەن. کاتێك سەرۆك بارزانی لە مانگی ئایاردا سەردانی واشنتۆنی کرد، باسی لەوە کرد راپرسییەك رێکدەخرێت لەبارەی سەربەخۆییەوە. رۆژێك دیاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی راپرسییەکە، بەڵام پێش ئەو وادەیە پێویستە کاتێك تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتێ عێراق و هەروەها دەوڵەتە دراوسێکان، بۆ رێککەوتن لە بارەی بڕگەکانی جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە. من کارم لەسەر پرسی سەربەخۆیی تەیموری رۆژهەڵات و باشووری سودان و کۆسۆڤۆ کردووە. هیچ یەکێك لەو سێ دەوڵەتە لە کوردستان باشتر ئامادەنەبوون بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری. بە دڵنیاییەوە رووبەڕووی تەحەددی و بەربەست دەبنەوە، چونکە ئێوە لە ژینگە و دەوروبەرێکی سەخت و دژواردا دەژین. بەڵام من متمانەم هەیە ئەگەر نەخشەڕێگا و خشتەیەکی زەمەنیتان هەبێت بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، هەروەها دەوڵەتە دراوسێکانتاندا بکەن، ئەوا پشتیوانی بەدەست دەهێنن بۆ خەونە نەتەوەییەکانتان. ئێستا دەرفەتی ئەوەتان هەیە کە چارەسەری بارودۆخی کوردستان بکەن، بەڵام دەبێت گرنگە بە خێرایی کار بکەن بۆ ئەوەی زەمینە بۆ ئایندە خۆش بکەن. چاوی جیهانتان لەسەرە بۆ ئەوەی حوکم بدەن لە بارەی ئەوەی ئایا کوردستان ئامادەیە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری. پێویستە سەرکردە سیاسییەکان ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەن، چونکە ئەمە دەرفەتێکی مێژووییە.

**● پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەم دواییەی کوردستان**

لە پێوەندی بەم پرسەوە پرۆفیسۆر فیلیپس ئاماژەی بەوەکرد، ئەو ناکۆکییەی بەم دواییە لە بارەی سەرۆکایەتییەوە هاتەئاراوە، مایەی نارەحەتی و جێی

**هەمیشە وتراوە کە جگە لە چیاکان کورد دۆستێکی دیکەی نییە، بەڵام ئێستا لە عێراق و لە سووریا جگە لە کورد ئەمەریکا دۆستێکی دیکەی نییە**

**ئەگەر ئەمەریکا جددییە لە تێکشکاندنی داعشدا، ئەوا پێویستی بە شەراکەتی تەواو لەگەڵ کورددا هەیە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە تاکە هێزی بەتوانان کە سەرکەوتن لە گۆڕەپانی شەڕدا بەدەست دەهێنن**

داخە بۆ خەڵکی کوردستان. گوتیشی: «من دڵنیام لە کۆتاییدا خەڵکی کوردستان پێکەوە کار دەکەن و تێڕوانینی هاوبەش گەڵاڵە دەکەن بۆ ئایندە و جیاوازییەکانیان بە گفتوگۆ چارەسەر دەکەن و پەنا نابەنە بەر توندوتیژی. ئێمە راسپاردەی ئەوە ناکەین کە دەرئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە چی بن، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەوەی گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە، ئەوەیە بۆ جیهانی بخەنەڕوو کە ئێوە ئامادەن بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت. بەشێکی ئەو ئامادەکارییە بریتییە لە نووسینەوەی دەستوورێك کە هاوسەنگی هێز و پرسی چاودێری و لێپرسینەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی حکومەت دیاری بکات. دەکرێت سیستمێکی پەرلەمانی بێت و هەڵگری چەند خەسڵەتێکی سەرۆکایەتی بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لایەنە پێوەندیدارەکان بەشداری لە گفتوگۆیەکی نیشتمانییانە بکەن و لەبارەی دامەزراندن میساقێك بۆ حوکمڕانیی ئایندە. جگە لە هاوسەنگیی هێز، پێویستە دەستوورەکە پێوەرێك بێت بۆ مافەکانی مرۆڤ. هەروەها پێویستە مافەکانی مرۆڤ و مافە تاکەکەسییەکان و مافە زمانەوانی و کەلتووری و سیاسییەکانی کەمینەکان و مافەکانی ئافرەتانی تێدا بچەسپێندرێت.»

## ● پرسی سەربەخۆیی کوردستان

لەسەر ئەم پرسە گرنگە بەڕێوەبەری گرووپی تاسك فۆرس گوتی: «دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە کەس سەربەخۆییتان پێنابەخشێت و بانگهێشتتان ناکات و ئەندامێتیتان پێنادات لە نەتەوە یەککگرتووەکاندا. پێویستە سەروەری بەدەست بهێنن و بیسەلمێنن بۆ جیهان کە ئامادەن خۆتان حوکمڕانیی خۆتان بکەن. ئەگەر ئەم ڕێچکەیە بگرنەبەر، ئەوا دڵنیام کوردستان دەبێتە مۆدێلێك بۆ شەراکەت لەگەڵ ئەمەریکا، وەك شەریکێکی دیموکراسی و ئەمنی و ئابووری. من لە دوای ساڵی ١٩٩٢ـەوە کە سەردانی کوردستانم دەست پێکردووە، بەرەوپێشچوونی سەرسوڕهێنەر بەدی دەکەم. ئەوەی هەموومان هاوڕاین لەسەری ئەوەیە کە ئەو دۆخەی ئێستا هەیە وەك خۆی نامێنێتەوە و درێژە ناکێشێت. لەبەر ئەوە دەبێت پێکەوە کاربکەین و تێڕوانینێکی هاوبەشمان هەبێت و لە نێو کورددا وەك شەریك کاربکەین، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەك شەریك کاربکەن بۆ بەدیهێنانی خەونی مەزنی خۆتان».

پاشان لە وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان و سەبارەت بە ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان گوتی: «باوەڕم بەوە نییە عێراق دیموکراسی بێت، چونکە ئەم وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە و حکومەتی بەغدا بۆتە داردەستی تاران، کورد پابەند بوو بە عێراقێکی کۆماری و دیموکراتی و فیدراڵی، بەڵام بە جێبەجێنەکردنی ئەرکە دەستوورییەکانی عێراق بەتایبەتی لە پێوەندی بە دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە لە بودجەی گشتی، ئەوا حکومەتی عێراق بەڵێنی خۆی لە ئاست کورددا شکاندووە. ئێوە بەردەوام هەوڵی نیازپاکیی خۆتان داوە بۆ کارکردن لەگەڵ بەغدا، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتوو ئاڕاستەیەکی جیاواز بگرنەبەر. پرسیاری دووەمت پەیوەستە بە قەیرانی سیاسییەوە، ئەمە جێی داخە، چونکە ئاماژەیەکی زۆر سلبی دەداتە ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەگەر راشکاو بم لەگەڵتاندا ئەوا ئەو کوردەی من دەیناسم لەمە باشترن، ئەوان لە سەروەختی دژواریدا پێکەوە کاردەکەن لەبەر ئەوەی ئامانجی هاوبەشیان هەیە. باوەڕم وایە دانانی خشتەی زەمەنی و نەخشەڕێگا، هۆکارێك دەبێت بۆ یەکگرتن و یەکبوون لە نێو کورددا.» سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکاش بەرامبەر بە دەوڵەتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە ئاماژەی بەوە کرد: بە هەڵەدا نەچن لە ئەمڕۆدا ئیدارەی ئەمەریکا پشتیوانی لە سەربەخۆبوونی کوردستان ناکات. بەڵکو ئەمەریکا پێویستی بە گرتنەبەری ڕێچکەیەکە کە لەسەر بنەمای واقیعەکە بنیادنرابێت، چونکە عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە و کارا نییە و ناتوانێت ئەرکەکانی ئەنجام بدات. بە پیشاندانی ئەوەی کورد دەتوانێت پێکەوە کاربکات و بە بەهێزکردنی دیموکراسی لە کوردستاندا و بوونی بە هۆکاری سەقامگیری لە ناوچەکەدا، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات رەنگە ئەمەریکاش تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت. ئەگەر ئەمەریکا جددییە لە تێکشکاندنی داعشدا، ئەوا پێویستی بە شەراکەتی تەواو لەگەڵ کورددا هەیە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە تاکە هێزی بەتوانان کە سەرکەوتن لە گۆڕەپانی شەڕدا بەدەست دەهێنن. لەبیرتان بێت، ئێمە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیمان هەیە و بابەتێکی گرنگی ئەو هەڵبژاردنەش تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوون دەبێت، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی پاریس. چۆنیەتی شەڕکردمان لە دژی تیرۆر و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەمان لە دژی یاخیبوون دەبێتە بابەتی مونازەرەکانی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکا- لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا-. هەمیشە وتراوە کە جگە لە چیاکان کورد دۆستێکی دیکەی نییە، بەڵام ئێستا لە عێراق و لە سووریا جگە لە کورد ئەمەریکا دۆستێکی دیکەی نییە.»

باوەڕم بەوە نییە عێراق دیموکراسی بێت، چونکە ئەم وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە و حکومەتی بەغدا بۆتە داردەستی تاران، کورد پابەند بوو بە عێراقێکی کۆماری و دیموکراتی و فیدراڵی، بەڵام بە جێبەجێنەکردنی ئەرکە دەستوورییەکانی عێراق بەتایبەتی لە پێوەندی بە دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە لە بودجەی گشتی، ئەوا حکومەتی عێراق بەڵێنی خۆی لە ئاست کورددا شکاندووە

کەس سەربەخۆییتان پێنابەخشێت و بانگهێشتتان ناکات و ئەندامێتیتان پێنادات لە نەتەوە یەککگرتووەکاندا. پێویستە سەروەری بەدەست بهێنن و بیسەلمێنن بۆ جیهان کە ئامادەن خۆتان حوکمڕانیی خۆتان بکەن. ئەگەر ئەم ڕێچکەیە بگرنەبەر، ئەوا دڵنیام کوردستان دەبێتە مۆدێلێک بۆ شەراکەت لەگەڵ ئەمەریکا



پرسیارەکانی گوڵان سەبارەت بە راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا

# ستراتیژیەتی ئیدارەی ئەمەریکا لە شەڕی دژی داعش پشت بە هێزی زەمینی دەبەستێت ئەو هێزەش تەنیا پێشمەرگەیە

**دوای پێشکەشکردنی ئەم کۆڕە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر دیڤید فیلیپس کردو بەمجۆرە وەڵامی دایەوە.**

*** ئێوە کارتان لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتدا کردووە لە تەیموری رۆژهەڵات و باشووری سودان و کۆسۆڤۆ، هەروەها باسی ئەوەتان کرد کە بارودۆخی کوردستان زۆر باشترە لەو سێ حاڵەتەدا کە لە کۆتاییدا بە دەوڵەتی سەربەخۆ گەیشتن. بە بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە ئەو جیاوازییانە چین کە وایان کردووە کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە هەل و مەرجێکی باشتر و لەبارتردا بێت؟**

- هەرگیز نەتەوە نوێیەکان ئامادەی سەربەخۆیی نین، بەڵکو سەرکردەکانیان فێری ئەم پرۆسەیە دەبن. کوردستان لە دۆخێکی باشتر و لەبارتردایە و باشتر ئامادەیە لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان کار و کۆششی سەخت دەکەن. ئەوان ئامادەن لە پێناوی بەدەستهێنانی سەروەریدا قوربانی بدەن. ئەگەرچی سەرکردە سیاسییەکانیش لە ناکۆکی و کێشەدا بن، ئەوا باوەڕم وایە دانانی نەخشەڕێگا و خشتەیەکی زەمەنی بۆ سەربەخۆیی دەبێتەهۆی ئەوەی پێکەوە کار بکەن و پشتیوانی لە ئامانجێکی هاوبەش بکەن کە گەورەتر بێت لە جیاوازییەکانیان.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بە پێی بنەمای (Ar-ria -Formula) کە میتۆدێکی نارەسمیە و ڕێگە دەدات کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانیش لە ئەنجومەنی ئاسایش و لە کۆبوونەوە نارەسمییەکانی ئەم ئەنجومەنەدا ئامادەبن و وتاریان هەبێت، بەڵام کوردستان ئامادەیی نییە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی. دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا هۆکاری ئامادەنەبوونی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە لە کاتێکدا بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا، پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان و لەسەر زەوی شەڕی تیرۆر دەکات؟**

- مەسەلەکە بە راستی گرنگی نابێت ئەگەر کوردستان ئامادە نەبێت لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. راستە نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکاندا کار دەکات، بەڵام ئەگەر کوردستان و ئەمەریکا لێك نزیك بن و لە نزیکەوە کار لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەوا بەرژەوەندییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا رەچاو دەکرێت.

*** ئەگەر ئەمەریکا پشتیوانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەکات و ئەگەر عێراقی یەکگرتوو خەیاڵ بێت، چۆن ئەمەریکا دەتوانێت پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ هەولێردا هەبێت؟**

- ئەولەوییەتی سەرەکی ئیدارەی ئۆباما بریتییە لە لاوازکردن و تێکشکاندنی داعش، بەڵام ناتوانێت بێ بوونی هێزی زەمینی ئەم ئامانجە بەدی بهێنێت. پێشمەرگە سەری رمن لە شەڕی دژ بە داعش، بە بێ ئەوان ئامانجی واشنتۆن و جیهان نایەتەدی.

**کاتێک مێژووی شەڕی داعش دەنووسرێتەوە، ئەوا شەڕی رزگارکردنی شنگال وەک خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی تۆمار دەکرێت. بە پچڕاندنی رایەڵی نێوان مووسڵ و رەققە ئێوە هاوسەنگیی ستراتیژی شەڕەکەتان گۆڕی**

*** هەروەها ئێوە باستان لە گرنگیی خشتەیەکی زەمەنی و نەخشەڕێگایەك کرد پێش ئەوەی کورد سەربەخۆیی رابگەیەنێت، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا دەقاودەق مەبەستتان چییە لەم دوو هەنگاوە، ئایا لە رووی عەمەلییەوە گرنگییان چییە کە دەبێت پێش ئەنجامدانی راپرسی ئەنجام بدرێن؟**

- ئامادەکاری بکەن بۆ راپرسی، شارەزایانی نێودەوڵەتی بەشداری پێبکەن لە ئامادەکارییەکاندا بۆ ئەم کارە، هەروەها بانگهێشتی چاودێری نێودەوڵەتی بکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی راپرسییەکە بێخەوش و دادپەروەرانەیە. کاتێك دەنگدانەکە ئەنجام دەدرێت، هەوڵ بدەن بوارێك هەبێت و ماوەیەك هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرەدا. ئەو کاتە، ئەگەر رەزامەندی بدەن یان نا، ئەوا هەنگاو بنێن بەرەو راگەیاندنی سەربەخۆیی. ئەگەر کوردستان خۆی ئەم پرسە بەرەوپێش نەبات، ئەوا هیچ شتێك روونادات.

*** هەروەها ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەمەریکا جگە لە کورد هیچ دۆستێکی نییە لە عێراق و سووریادا، ئایا دەقاودەق مەبەستتان لەوە چییە؟**

- بەغدا وەکیلی ئێرانە و سووریا بۆتە لانکەی جیهادی و چەتە تاوانکارەکان.

*** ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا و لەگەڵ خودی هێزی پێشمەرگەدا بۆ بەرگرتن لە پێشڕەوییەکانی داعش، هەروەها لە پرۆسەی رزگارکردنی شنگالدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- رزگارکردنی شەنگال لە مێژوودا وەك خاڵی وەرچەرخان لە شەڕی داعشدا تۆمار دەکرێت. شکاندنی ڕێگای دابینکردنی چەك و خۆراکی و گرتنی ڕێگای ٤٧ مووسڵ پتر گۆشەگیر دەکات. هەروەها رزگارکردنی شنگال بوار بە ئێزیدییەکان دەدات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، دوای ئەوەی لەسەر دەستی داعش تاڵاویان چەشت.

*** دەمانەوێت زیاتر لەسەر پرسی دوای رزگارکردنی شنگال بوەستین، کە لەم شەڕەدا پێشمەرگە سەلماندی هێزێکە توانای تێکشکاندنی داعشی هەیە لەسەر زەمین، ئایا تا چەند گرنگە هاوکاری پێشمەرگە بکرێت بە چەکی قورس و بە هاوکاری لۆجیستی بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، بەتایبەتی کە ئێستا هەڕەشە و مەترسی ئەم**



**ڕێکخراوه گەیشتۆته ئەوروپا، وەك له ڕووداوەکانی ئەم دواییەی پاریسدا بینیمان؟**

- من شانازی بەوەوە دەکەم ئەمەریکا پشتیوانی ئاسمانی بۆ پێشمەرگە دەستەبەرکرد بۆ شەڕی ڕزگارکردنی شنگال، هەروەك ئاماژەم پێکرد، کاتێك مێژووی شەڕی داعش دەنووسرێتەوە، ئەوا شەڕی ڕزگارکردنی شنگال وەك خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی تۆمار دەکرێت. بە پچڕاندنی رایەڵی نێوان مووسڵ و ڕەققە ئێوە هاوسەنگیی ستراتیژی شەڕەکەتان گۆڕی. ئێستا گرنگە ئامادەکاری بکەن بۆ دژە هێرشی داعش و کار بکرێت بۆ ئەوەی پێشمەرگە پشتیوانی تەواوی هەبێت بۆ بردنەوەی شەڕی دووەم. سەرەڕای چەك و تەقەمەنی، گرنگە خۆراك بۆ پێشمەرگە دەستەبەر بکرێت، لەگەڵ کەل و پەلی پێویست بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی وەرزی زستان بگرن. ئەگەر ئەمەریکا پشت بە کورد ببەستێت، ئەوا پێویستە کوردیش پشت بە ئەمەریکا ببەستێت.

*** ئایا بایەخی دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان چی دەبێت، کە ببێتە لقی ڕێکخراوی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- دامەزراندنی ئەم بنکەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت باشتر و کاراتر دەستڕۆیشتویی خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر بکات. هەروەها هێمای پشتیوانی و ئاماژەی هاوکاری نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان دەبێت.

*** لە پێوەندی بە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ڕاپرسییەوە لەگەڵ عێراق و دەوڵەتە دراوسێکان، ئایا دەبێت چ میکانیزمێك بگیرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا؟**

- ئەنجامدانی دیالۆگی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ڕێگەخۆش دەکات بۆ سەربەخۆیی. پێویستە ئەم کارە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، هەروەها لە ڕێی گفتوگۆوە ئەنجام بدرێت.



لە ئۆکتۆبەری مانگی رابردوو تەلەفزیۆنی (C-SPAN) کۆڕێکی بۆ سەرۆك و بەڕێوەبەری گرووپی تاسك فۆرس سەبارەت بە راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەت لە «کوردستانی عێراق» گرێدا، لەم پەنێڵەدا باڵیۆز نانسی سۆدربێرگ بەمجۆرە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە قسەی کرد.

«رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گێژاودایە، هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق و پێشڕەویی دڕندانەی داعش و شەڕی ناوخۆیی سووریا و هەروەها هەنگاوی ئەم دواییەی رووسیا بۆ پشتگیریکردنی بەشار ئەسەد، ئەمانە بوونەتە جێی سەرنجی سیاسەت داڕێژەرانی هەر دوو بەرەی ئەتلانتیك و هەروەها لە ناوچەکەشدا، کە دەبێت ئەمانە زەنگی بە ئاگاهێنانەوە و هۆشیارکردنەوە بن بۆ سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، چونکە ئەو رێچکەیەی لە ئێستادا گیراوەتەبەر مایەی شکستە.




لە نێو ئەم پشێوییانەدا ئێمە مەسەلەیەکی گرنگمان فەرامۆش کردووە، ئەویش کاروانی سەربەخۆیی کوردی عێراقە، ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە ئەمە بەشێکە لە پرسێکی گەورەتر، بەڵام تەرکیز لەسەر واقیعێك و راستیەك دەکەین کە وەك پێویست شیکردنەوەی بۆ نەکراوە و لەبەرچاونەگیراوە. باوەڕمان وایە پێویستە کوردی عێراق و بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری سەخت بدەن لە پێوەندی بە کاروانی بەڕێکەوتووی کوردی عێراق بەرەو سەربەخۆیی. کە ئەگەر بە راست و دروستی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، ئەوا هاتنەئارای کوردستانی سەربەخۆ و گەشەکردوو و دیموکرات و سەقامگیر لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا دەبێت و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کورد و عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکات.

دەرئەنجامە سەرەکییەکانیشمان لە سێ بواردا کورت دەکەینەوە:

### باڵیۆز نانسی سۆدێربێرگ لە کۆڕێکی تەلەفزیۆنی C- SPAN دا:

# راسپاردەمان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە نەک رێگر نەبن بەڵکو هاوکار بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

_ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بەوەیە دژی سەربەخۆیی کورد نەوەستێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە کار لەگەڵ کورددا بکات.

_ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بەوەیە یەکگرتووتر هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ شەڕکردن لە دژی داعش.

_ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بەوەیە هاوکاری کورد بکات بۆ زاڵبوون بەسەر باری گرانی ئاوارەکاندا.

لەبەر ئەوە راسپاردەی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە چیتر رێگە لە کاروانی سەربەخۆیی کوردی عێراق بەرەو سەربەخۆیی نەگرێت. چونکە ئەگەر ئاوڕێك بۆ دواوە بدەینەوە ئەوا کورد لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەوڵەتی ئەمری واقیعیان بنیاد ناوە، هەروەها لە ماوەی ١٢ ساڵی دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە — لە ساڵی٢٠٠٣دا- کورد هەوڵیداوە کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە بەغدا بکات، بەڵام لەگەڵ هەرەسهێنانی عێراق و لەگەڵ بەرهەڵستییەکانی بەغدا چیتر کورد ناتوانن ئەم کارە بکەن. لە ماوەی گفتوگۆکانی پەیوەست بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، کورد مەرجیان هەبوو بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەویش ئەوە بوو کە عێراق وڵاتێکی دیموکرات و فیدراڵ و نامەرکەزی بمێنێتەوە، بەڵام چیتر ئەم چەشنە عێراقە لە ئارادا نییە. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٤دا هەرێمی کوردستان پلانی سازدانی راپرسی راگەیاند کە زەمینەی بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی خۆش دەکرد. هەرێمی کوردستانیش لەو راستییە تێدەگات کە نابێت پەلە بکات، لەبەر ئەوەی دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ عێراق و سووریا و تورکیا و ئێراندا. هێشتا ئێمە نازانین کەی و چۆن کوردستانی عێراق هەوڵ دەدات سەربەخۆیی رەسمی بەدەست بهێنێت. بەڵام لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە کە رێگری بکات لە خەونی رەوای کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس. بەڵکو لە بری ئەوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەغدا و دەوڵەتە پێوەندیدارەکاندا بکات بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی راوێژکاری و دیموکراتی و سەقامگیر و بەرپرسیارانە بێت.

بە دڵنیاییەوە هەرچەندە کوردی عێراق بە وریاییەوە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرن، ئەوا مەترسیی ناسەقامگیرکردنی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە لە خۆدەگرێت کە دانیشتووانی کوردیان هەیە. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش رووبەڕووی تەحەددی دەبێتەوە، کاتێك کورد پایەی دەوڵەتەکەیان دەچەسپێنن.

ئێمە لەناو راپۆرتی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا، چەند راسپاردەیەکمان هەیە لە راپۆرتەکەدا کە هەندێکیان لێرەدا دەخەینەڕوو. سەرەتا راسپاردەمان ئەوەیە بۆ حکومەتی عێراق پێویستە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەر بکات و بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق راپرسی ئەنجام بدات لەبارەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکەی

لە هەردوو پارێزگای دیالە و نەینەوا، کە ئەو راپرسییەش لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چاودێری بکرێت. خۆ ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت، یان نەیەوێت ئەم کارە بکات ئەوا راسپاردەی ئێمە ئەوەیە کوردستان بە پاڵپشتی بە هێزی و بە چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم کارە بکات.

**● راسپاردەکان بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە**

١- ئێران و تورکیا دڵنیا بکاتەوە کە هەرێمی کوردستان پلانی دامەزراندنی کوردستانی گەورەی نییە کە بەشێك لە تورکیا، یان سووریا، یان ئێران ئاوێتەی دەوڵەتەکەی بکات.

٢- داوا لە چاودێری نێودەوڵەتی بکات ئەگەر راپرسی ئەنجام درا و سەربەخۆیی راگەیەندرا، کار بکرێت بۆ ئەوەی عێراق و دەوڵەتە دراوسێکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی لە پرۆسەکە ئاگادار بکرێنەوە.

٣- رێوشوێنێکی تایبەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە کەرکووك و ئەو ناوچانەی دیکەدا پیادە بکات ئەگەر هاتوو لە راپرسییەکەدا دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، هەروەها بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران لەبارەی پرسە سیاسییەکانی دوای سەربەخۆیی وەك سنوورەکان و دانپێدانان و پرسە ئابوورییەکان.

٤- راسپاردەی ئێمە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە توانای خۆی بەهێز بکات بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە و دەبێت وەزیری کاروباری پێشمەرگە کار بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵکردنی سوپا لە لایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە بکات و پێشمەرگە بگۆڕن بۆ سوپایەکی پیشەگەر، هەروەها کار بکات بۆ دارشتنەوەی پەیکەربەندی مووچەی پێشمەرگە و بە رێکوپێکی ئەو مووچەیەش دابین بکات، لەگەڵ دابینکردنی مووچەی خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانی دیکەی خانەنشینی.

**● راسپاردەکان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

- راسپاردەمان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە لەو راستیە تێبگات کە کوردی عێراق هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەنێت و کار بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتە دراوسێکان بۆ پشتیوانیکردن لە پەرەدان بە نەخشەڕێگا و خشتەیەکی زەمەنی شەفاف لە بارەی ئەگەری بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق- لە لایەن کوردەوە-، چونکە شەفافییەت پێوەندییەکانی دوای سەربەخۆیی پتەوتر دەکات. هەروەها دەبێت یارمەتی راستەوخۆ دەستەبەر بکرێت بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی نەخشە و ئەنجامدانی هەر راپرسییەك لە بارەی سەربەخۆییەوە بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بێت و پێویستە چاودێر بنێرن بۆ دڵنیابوون لەوەی راپرسییەکە بێخەوش و دادپەروەرانە بێت. دەمەوێت پەنجە بخەمە سەر گرتنەبەری هەوڵی زیاتر بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش لە ناوچەکەدا.

- کورد لایەنی سەرەکین لە شەڕی دژی داعش هەم لە سوریا و هەم لە عێراق. مایەی ئیعجاب بوو بۆ ئێمە کە ئەمەریکا هاوکاری کوردی کرد بۆ بەرگری کردن لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ رێگریکردن لە پێشڕەوی داعش بەرەو هەولێر. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرژەوەندی هەیە لەوەی کوردستانی عێراق ببێتە نەوایەکی سەقامگیر و هاوپەیمانێکی باشتر لە دژی داعش.

- ڕاسپاردەمان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێوەندی بە داعشەوە ئەوەیە کە پشتیوانی لە هەوڵی یەکگرتوو بکات هەم لە سووریا و هەم لە عێراق بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەویش بە هێنانەدی هاوکاری لە نێوان گرووپە کوردەکان لە رێی دەستەبەرکردنی راهێنانی پێویست و دابینکردنی کەل و پەل بۆیان تاوەکو بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بەردەوام پێداچوونەوە بە پێداویستیی پێشمەرگەدا بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی داعش کە رۆڵی کوردیش لەم روەوە بەڕێوەدەچێت.

- پێویستە بە پەلە چەکی دژەتانك بۆ پێشمەرگە دابین بکرێت بۆ ئەوەی کاراتر بەرگری لە خۆیان بکەن لە دژی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژەکان و بۆمبی چێندراو، هەروەها راهێنان بە پێشمەرگە بکرێت و چەکی پێشکەوتوویان پێبدرێت کە پێویستە بۆ کردەوەی هێرشبردن لە دژی داعش.

- بە رەچاوکردنی پێداویستی بەپەلەی ئەمنی لە ناوچەکەدا راسپاردەی ئەوە دەکەین کە ئەمەریکا پەرە بە پلانێك بدات بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە کوردستانی عێراقدا کە تەواو کارا دەبێت ئەگەر هاتوو کوردستانی عێراق سەربەخۆیی بەدەست هێنا. هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەمنی ئەوا کورد دۆستانە پێشوازی لێدەکەن و ئەوان جەنگاوەری باشن و ئەمەش بە شێوەیەکی دراماتیکی پەرە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەدات.

- راسپاردەمان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە راستەوخۆ کۆمەك بە هەرێمی کوردستان ببەخشێت بۆ برەودان بە پلانێکی گشتگیر و هەمەلایەن بۆ دۆخی دوای ناکۆکی بۆ سەقامگیرکردنی رەوشەکە.

- پێشنیاری ئەوە دەکەین کە نوێنەری هەرێمی کوردستان ئەم پلانە بخاتەڕوو لە دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گوێرەی ئەوەی پێی دەڵێن (Arria-Formula) کە میتودێکی نارەسمییە و رێگا دەدات بە دەوڵەتە نائەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە دانیشتنی نارەسمی ئەم ئەنجومەنەدا قسە و وتاریان هەبێت.

- راسپاردەی ئەوەمان هەیە کە راستەوخۆ کۆمەك بدرێتە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی و هەروەها رێکخراوە ناحکومییە مەحەلییەکان کە خزمەتگوزاری تەندروستی و مرۆیی پێشکەش دەکەن بۆ هاوکاریکردنی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکەدا.

- بە دڵنیاییەوە هیچ دەوڵەتێکی نوێ ئامادەی سەربەخۆیی نابێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییاتە هاوکاری کورد بکات.

**حکومەتی عێراق پێویستە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەر بکات و بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق راپرسی ئەنجام بدات لەبارەی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکەی لە هەردوو پارێزگای دیالە و نەینەوا، کە ئەو راپرسییەش لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چاودێری بکرێت. خۆ ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت، یان نەیەوێت ئەم کارە بکات ئەوا راسپاردەی ئێمە ئەوەیە کوردستان بە پاڵپشتی بە هێزی و بە چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم کارە بکات**

**لە نێو ئەم پشێوییانەدا ئێمە مەسەلەیەکی گرنگمان فەرامۆش کردووە، ئەویش کاروانی سەربەخۆیی کوردی عێراقە، ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە ئەمە بەشێکە لە پرسێکی گەورەتر، بەڵام تەرکیز لەسەر واقیعێک و راستیەک دەکەین کە وەک پێویست شیکردنەوەی بۆ نەکراوە و لەبەرچاونەگیراوە**

# کاتەلۆنیای کورد



**عەبدولحوسێن شەعبان**
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

کاتێ پەرلەمانی کاتەلۆنیا (لە ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥) بڕیارێکی دەرکرد کە پرۆسەی Prossec دەستپێبکات بە مەبەستی دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کاتەلۆنیا و کاتێکی بۆ دیاری کرد کە ماوەی ١٨ مانگدا بوو واتا (ساڵی ٢٠١٧)، لێدوانەکانی چەند بەرپرسێکی کوردم هاتەوە یاد لە سەروویانەوە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تایبەت بە سەربەخۆیی بەپێی مافی چارەی خۆنووسین، کە ئەمەش پرسێکە هەموو جارێ کە قەیرانی نێوان بەغدا و هەولێر سەرهەڵدەدات، ئەمیش دێتەوە گۆڕێ.

جا ئەگەر ئاستی داخوازی دامەزراندنی کۆماری کاتەلۆنیا لەم چەند ساڵەو مانگانەی دواییدا بەرزبووبێتەوە بە هۆی هەڵکشانی قەیرانی ئابووری لە ئیسپانیا، ئەوا داخوازی بە سەربەخۆبوونی کوردستان و دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ هەڵکشانی قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە عێراق زۆرتر بەرزبۆتەوە، نەخاسمە دوای دەسەڵاتی داعش بەسەر پارێزگای موسڵ و نزیکەی سێیەکی خاکی عێراق.

دوو فاکتەر پاڵیان بە کاتەلۆنییەکانەوە ناوە لەو داخوازییەیاندا زیاتر گەرموگوڕبن، یەکەمیان مێژوویە پەیوەستە بە ناسنامە و تایبەتمەندیی رۆشنبیریی کاتەلۆنیا، بە تایبەتی زمان، دووەمیان ئابوورییە، چونکە کاتەلۆنیا کانتۆنی شەشەمە لەو حەڤدە کانتۆنەی ئیسپانیا دەوڵەمەندترە، بەڵام پشکی ئەو لە خێروخۆشی خزمەتگوزارییەکان و خۆشگوزەرانی کەمترە، لەکاتێکدا کە ٢٠٪ی پوختەی داهاتی نەتەوەیی لەوێوە دێت، تەنانەت رووبەرەکەی لە ٦٪ی وشکایی خاکی ئیسپانیا رەت ناکات و ژمارەی دانیشتووانیشی حەوت ملیۆن و نیوەو ١٥٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پەرلەمانی کاتەلۆنیا بڕیارێکی دەرکرد بە دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ بۆ کاتەلۆنیا بە زۆرینەی ٧٢ پەرلەمانتار لە کۆی ١٢٣ ئەندام، بەپێی بڕیارەکە نابێ لەمڕۆوە پەرلەمانتەرانی کاتەلۆنی گوێڕایەڵیی دامەرزاوەکانی دەوڵەتی ئیسپانیا بکەن، بەتایبەتیش بۆ دادگای دەستووری، بەڵام ئەوەی دوایی ئەم بڕیارەی بە پێچەوانەی دەستوور لەقەڵەم دا، بۆیە پابەندبوون بە جودابوونەوە، بە یاخیبوون هەژماردەکرێت، بەڵام سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیاماریانۆ راخۆی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە رێگەنادات کاتەلۆنیا جیابێتەوە، بڕیارەکەی پەرلەمانی کاتەلۆنیای بە سووکایەتیکردن بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و هەوڵدان بۆ هەرەسهێنانی دیموکراسی لەقەڵەم دا.

شایانی باسە کانتۆنی کاتەلۆنیا کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ئیسپانیا و رووبەرەکەی ٣٢,١٠٦ کیلۆمەتر دووجایەو لە چوار پارێزگا پێکدێت، بارسلۆنا کە ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن و ٥١١ کەسە، وێڕای پارێزگاکانی جرندە و لاردە و تەراگۆنا، کاتەلۆنیا بۆ یەکەم جار هێزە سەربەخۆخوازەکانی لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەماندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

هەرێمی کاتەلۆنیا لە ساڵی ١٩٣١و لەسەردەمی کۆماری دووەمی ئیسپانیا ئۆتۆنۆمی وەرگرت، بەڵام بەهۆی ئەوەی پشتیوانی لە کۆماریخوازەکان کرد لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و سیاسەتی دەسەڵاتخوازی فرانسیسکۆ فرانکۆ دوای ساڵی ١٩٣٦ و بەردەوامبوونی تا کۆچی دوایی لە ١٩٧٦ مافی کاتەلۆنییەکان و داخوازییە رەواکەیان دووچاری پشتگوێ خستن ونکوڵی لێکردن بووەوە، ئەمە وێڕای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کاتێ رێگە گیرا لە بەکارهێنانی زمانی کاتەلۆنی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و بۆنە گشتییەکاندا، هەروەها سەرۆکی ئەو کاتەی کاتەلۆنیا بە تۆمەتی( یاخیبوونی سەربازی ) لەسێدارەدرا. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ جارێکی دیکە کار بە یاسای ئۆتۆنۆمی کرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتەلۆنیا هەردەم هەستی بە ستەملێکردن دەکرد، بە تایبەتیش رێگەنەدان بە پیادەکردنی ئەو مافەی داوای دەکرد، کە بریتی بوو لە وەدەستهێنانی باجەکانی، شان بەشانی هەردوو هەرێمی باسك و ناڤار

**لێدوانەکانی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەیلولی ٢٠١٥دا روون و ئاشکران، کاتێ کورد دووپاتیان کردووە کە دەستیان کردووە بە هەڵێنانی هەنگاوەلی راستەقینە بۆ سەربەخۆیی و هەر بەم ئاراستەیەش بەردەوام دەبن، بەڵام زۆر واقیعی بوو کاتێ ئاماژەی بەوە کرد کە زەحمەتە کاتەکە دیاریبکرێت**

**لە عێراق ١٧٪ی داهات پشکی هەرێمی کوردستانە، کەواتە دەبێ وێنای چی بکەین کاتێ ئەم پشکە لە هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت، بۆیە تەنانەت پەکخستنی بەشێکی یان دواخستنی پێدانی ئەو پشکە قەیرانێکی مەترسیداری لە کوردستان هێنایە ئاراوە و هەڕەشەی بۆ سەر وەبەرهێنان دروستکرد، ئەمەش شتێکە کە پێویستە بیری لێبکەینەوە**

**بەغدا سەربەخۆییەکی ئابووری و دارایی بداتە هەرێم و کێشەکانی نەوت لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و گەیشتنی داهات بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، هەروەها چەندین کێشەی دیکەش بە رێگای ئاشتییانە چارەسەر بکرێت لەوانە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەتا ئەگەر ئەم چارەسەرانە پلانێکی درێژخایەنیشی پێویست بێت، دیارە ئەمەش پێویستی بە سەقامگیری و سازانی سیاسی و رزگاربوون لە داعش و دارودەستەکانی هەیە.**

ئەویش دوای دابەشکردنی وڵات بۆ ١٧ هەرێم.
تێکچوونی رەوشی ئابووری لە سەرتاسەری ئیسپانیا رەنگدانەوەی نەرێنی بۆ سەر هەرێمی کاتەلۆنیای لێکەوتەوە، کە دانیشتوانەکەی هەست بە شکست بکات لە کاتێکدا کە مەرجەکانی چاودێریی تەندروستی و ئاستی پەروەردەو خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو روویان لە کەمیی کردووە، بۆیە بە هۆی ئەو بارودۆخە مەیلی هەستی نەتەوەیی بەرزبووەوەو پابەندبوونی کاتەلۆنییەکان بە ناسنامەو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی و زمان و ئینتیمای یەکگرتوویان زۆر هەڵکشا. مەڵبەندیی توێژینەوەکانی بیرورِا چەندین ریفراندۆمی کردووە کە دەریانخستووە ئارەزووی سەربەخۆیی زۆر زیاتر بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا رێژەی پشتیوانیی بۆ سەربەخۆیی ١٣,٥٪ بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ رێژەکە گەیشتە ٣٤٪ لە میانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا، لە کاتێکدا لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٤دا گەیشتە ٤٠,٥٪. یەکێك لە هۆیەکانی بەرزبوونەوەی شەپۆلی سەربەخۆبوون لە شانشینی ئیسپانیا سیاسەتەکانی (راخۆی)ی سەرۆك وەزیرانە لەوەتەی ئەم پۆستەی وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١١ و بەپیرەوەهاتنی داخوازییەکانی یەکێتیی ئەوروپا ئەویش بە گرتنەبەری میتۆدی دەستگرتن بە هۆی قەرزە کەڵەکەبووەکان.
لە نۆی مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا واتا لە ساڵی ٢٠١٤ دا ریفراندۆمێك بۆ مافی چارەی خۆنووسین»هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی رەمزییش بێت» ئەنجامدرا، ئەنجامەکەی بریتی بوو لەوەی کە ٨١٪ رازی بوون بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەروەها ١٠٪ رازی بوون کە جیاببنەوە، بەڵام بێ راگەیاندنی دەوڵەت، بەو هۆیەوە لێپرسینەوە لە ئارسۆر ماس سەرۆکی کاتەلۆنیا کرا و لەوەتەی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا کرا، لەبەر ئەوەی دژی دەسەڵاتەکانی یاسای وڵات وەستابۆوە.
ئایا برِیاری پەرلەمانی کاتەلۆنیا لە ٩ی تشرینی دووەم (ئەم مانگە)ی ساڵی ٢٠١٥ دەبێتە کۆتایی پرسەکە، یان قەیرانێکی گەورەتر و مەترسیدارتر هەیە وەك ئاگری ژێر خۆڵەمێش هەڵدەچێت؟ دەکرێ هەڵوەستە لەسەر سێ سیناریۆ بکەین تایبەت بە ئایندە، کە دەشبێت بۆ کوردیش بە هەمان شت بێت لە وادەیەکی زۆر نزیکدا.
سیناریۆی یەکەم: بریتییە لەوەی حکومەتی مەدرید مل بدات بۆ داواکارییە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێمی کاتەلۆنیا، بەمەش دەکرێ راگەیاندنی بیرۆکەی سەربەخۆیی تەواو لەلایەن کاتەلۆنییەکانەوە دوابکەوێت، یان دوابخرێت، بەتایبەتیش لە کاروباری ئابووری و دارایی و ئاستێکی باڵای سەربەخۆیی ئابووری، هەروەها لە هەموو کایەکاندا بێ جیاوازی، دەکرێ ئەم بیرۆکە کاتەلۆنیایە هی کوردیش بێت، بەواتای ئەوەی کە بەغدا سەربەخۆییەکی ئابووری و دارایی بداتە هەرێم و کێشەکانی نەوت لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و گەیشتنی داهات بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، هەروەها چەندین کێشەی دیکەش بە رێگای ئاشتییانە چارەسەر بکرێت لەوانە کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەتا ئەگەر ئەم چارەسەرانە پلانێکی درێژخایەنیشی پێویست بێت، دیارە ئەمەش پێویستی بە سەقامگیری و سازانی سیاسی و رزگاربوون لە داعش و دارودەستەکانی هەیە.
سیناریۆی دووەم: بریتییە لەوەی کە مەدرید پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کاتەلۆنییەکان پەسند بکات و بۆ ئەم مەبەستەش ریفراندۆم ئەنجام بدات، ئەنجامەکەشی بۆ کورد هەر وایە بەمەبەستی سەربەخۆبوون، لێرەشدا پێویستە وتووێژو دیالۆگی سەرتاسەری دەست پێبکرێت تایبەت بە وردەکاری و ماف و ئەرکەکان و ئاسۆی ئایندە لەرێی رێکەوتننامەیەکی گشتی و بەچاودێریی نێودەوڵەتی لەگەڵ پاراستنی بەڵگەنامەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.
سیناریۆی سێیەم: مەدرید هەروەك بەغدا پرەنسیپی مافی چارەنووسین رەتبکاتەوەو بە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی قایل نەبێت، لێرەشدا کاتەلۆنییەکان و کورد لە یەك لاوە سەربەخۆیی رابگەیەنن، بەمەش گەشتێکی سەختی کێشەو تەحەددییەکان دەست پێ دەکات، ئەگەر پەیمانی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا دڵنیایی بدەن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە، ئەوا رەوشی ئیقلیمی لە عێراق بەتایبەتیش دراوسێکانی هاندەری ئەم هەنگاوە نییە، لەوانە ئێران و تورکیا، لەبەر ئەوەی کێشەی کوردییان هەیە، بەڵام چارەسەر تایبەت بەم پرسە ناگاتە ئەو ئاستەی کە دۆخی عێراق پێی گەیشتووە.
ئەوەی دووچاری ئەو سێ سیناریۆیە دێت، بریتییە لە کۆمەڵێك کێشە و ئاڵۆزی چ لەلایەن دەوڵەتە رەسەنەکەوە بێت، یان لە هەرێمە سەربەخۆکانەوە، نەخاسمە لە بوارە ئابوورییەکانیان و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ بارگرانیی بارودۆخی هەنووکەیی و ئایندە پەیوەست بە خەرجیی گشتی کە حکومەتی فیدراڵ لەئەستۆی دەگرێت، بەتایبەتیش بودجەکانی بەرگریی سەربازی و نوێنەرایەتیی دبلۆماسی و دامەزراوەکانی ژێرخانی ئابووری، ئەمە سەرەرای توانای دەربازبوون لە ئەرێنییەکانی بازرگانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ، رەنگە ئەو جۆرە کێشانە زۆر بە شێوەیەکی کاریگەرو بەهێز بەتایبەتی لە سەروبەندی راگەیاندنی سەربەخۆییدا سەرهەڵبدەن.
لە کاتەلۆنیا ئەوەی دەگاتە مەدرید بریتییە لە ٤٩ ملیار دۆلار، لەکاتێکدا ئەوەی لەنێو هەرێمدا خەرج دەکرێت




دەگاتە ٣٥,٤ ملیار دۆلار و زیادەکە لە ١٣,٦ ملیار زیاتر دەبێت کە لە هەرێمەکانی دیکەو دانەوەی قەرزەکانی ئیسپانیادا خەرج دەکرێت، بەڵام لە عێراق ١٧٪ی داهات پشکی هەرێمی کوردستانە، کەواتە دەبێ وێنای چی بکەین کاتێ ئەم پشکە لە هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت، بۆیە تەنانەت پەکخستنی بەشێکی یان دواخستنی پێدانی ئەو پشکە قەیرانێکی مەترسیداری لە کوردستان هێنایە ئاراوە و هەڕەشەی بۆ سەر وەبەرهێنان دروستکرد، ئەمەش شتێکە کە پێویستە بیری لێبکەینەوە.

ریفراندۆمی رەمزیی کاتەلۆنیا، هەروەها پێشتریش ریفراندۆمی رەمزیی کوردستان کە ٩٨٪ی دەنگی پشتگیریی بەدەستهێنا، چەند پرسیارێکی ئاڵۆزو قورس و ئەگەری سەختی لێکەوتەوە، ئەو پرسیارە کراوانە تایبەت بە ئایندە هیچ وەڵامێکی یەکگرتوویان بۆ نییە، ئەمە جگە لەو مەترسییانەی کە رووبەڕوویان دەبنەوە، ئەمەش شتێکە لە کوردەوە خراوەتەڕوو، لێدوانەکانی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٥دا روون و ئاشکران، کاتێ کورد دووپاتیان کردەوە کە دەستیان کردووە بە هەڵێنانی هەنگاوگەلی راستەقینە بۆ سەربەخۆیی و هەر بەم ئاراستەیەش بەردەوام دەبن، بەڵام زۆر واقیعی بوو کاتێ ئاماژەی بەوە کرد کە زەحمەتە کاتەکە دیاریبکرێت.

ئەم جۆرە لێکدانەوەیە ئایندەی هەردوو هەرێمی کاتەلۆنی و کوردی کە پڕ لە کێشەی ئابووری و ململانێی هەنووکەیین خستە بەر باس و گفتوگۆ، بەتایبەتیش یەکتربڕین و تێکهەڵکێش لەگەڵ فەرمانگە سیاسی و یاساییەکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان، لێدوانەکانی بان کی مۆنی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یکگرتووەکان وروژێنەرو سەیر بوون، کاتێ گوتی: نەتەوە یەکگرتووەکان جودابوونەوەی هەرێمی کاتەلۆنیای لە ئیسپانیا لەیەك لاوە بە رەوا نازانێت.

شایانی باسە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ٢٤ی تەمموزی ٢٠١٠ رای خۆی لەمەڕ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ راگەیاند، بەوەی کە ئەم سەربەخۆییە پێشێلی یاساکانی نێودەوڵەتی ناکات، هەروەها خودی نەتەوە یەکگرتووەکان رازی بوو لەسەر جودابوونەوەی باشووری سودان لە ریفراندۆمێکی میللیدا کە باشوورییەکان زیاتر لە ٩٥٪ی دەنگەکانیان وەك پشتگیریی بەدەست هێنا، دواتر نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ٢٠١١ دانی بە دەوڵەتی باشووری سودان نا، هەر خودی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیاری دا دەوڵەتی تەیمووری رۆژهەڵات دابمەزرێت دوای جودابوونەوەی لە ئەندەنۆسیا ساڵی ٢٠٠٢، هەر ئەویش بوو پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ١٨١ی ساڵی ١٩٤٧، وەك سەرپێچییەك لە بەڵگەنامەو مەبەست و ئامانجەکانی، لە کاتێکدا کۆمەڵەی گشتی لە دۆخی ئاساییدا رازی دەبێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ کە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ دەرچووە، کە بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی تێپەڕاند بە پاکتاوکردنێکی کۆلۆنیالی کە لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ دەرچووە، ئەمەش لە ناوەڕۆکدا نەك تەنیا کۆتایی هێنان بوو بە کۆلۆنیالیزم، بەڵکو بەدیهێنانی داخوازیی ماف و ئازادیی گەلان بوو لە دیاریکردنی چارەنووسیان.

**دوو فاکتەر پاڵیان بە کاتەلۆنییەکانەوە ناوە لەو داخوازییەیاندا زیاتر گەرموگوڕبن، یەکەمیان مێژووییە پەیوەستە بە ناسنامە و تایبەتمەندیی رۆشنبیریی کاتەلۆنیا، دووەمیان ئابوورییە چونکە کاتەلۆنیا کانتۆنی شەشەمە لەو حەڤدە کانتۆنەی ئیسپانیا دەوڵەمەندترە**

## پرۆفیسۆر سابت عەبدوڵڵا لە زانکۆی جۆرج تاون بۆ گوڵان:

# ئازادکردنی شنگال ئاراستەی تیرۆریستانی داعشی لە هێرشبردنەوە گۆڕی بۆ بەرگری لەخۆکردن و ئێستا هەموو جیهان شانازی بە پێشمەرگەوە دەکات

**سابت عەبدوڵڵا بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی جۆرج تاون بەدەست هێناوە، وانەبێژی مێژوو بووە لە زانکۆکانی یۆرك و ئۆکلاهۆما و زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە. خاوەنی چەندین توێژینەوە و وتار و کتێبە لە بواری مێژوودا، بۆ نموونە کتێبی «مێژوویەکی کورتی عێراق: لە ساڵی ٦٣٦ـەوە تاوەکو ئێستا» بۆ بەدواداچوونی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێوەندی بە تیرۆریسم و بوونی بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە و رێگاچارەکانی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی داعش بەتایبەتی دوای زیادبوونی مەترسییەکانی لەسەر رۆژئاوا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.**



*** پاش هێرشەکەی چارلی هیبدۆ، تیرۆریستانی داعش هەفتەی رابردوو چەند هێرشێکی دیکەی تیرۆریستییان لە پاریس ئەنجامدا و ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد، چ پەیامێك لەپشت ئەم هێرشانەی داعشەوە دەبینن و لە رۆژئاوا چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- لە راستیدا پەیامەکان زۆرن، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە ئێستا داعش لە حاڵەتی بەرگریدایە، ئەو تێکشکانەی داعش لە کۆبانێ و هەروەها رزگارکردنی شنگال و ئەو پێشرەوییانەی کە پێشمەرگە بەرانبەر داعش کردوویانە، وایکردووە داعش لە ئێستادا و بە شێوەیەك لە شێوەکان بکەوێتە باری بەرگرییەوە و لێرەشەوە هێرشەکانی پاریس بە دووشێوە خزمەتی داعش دەکات:

١- پەلامارێکی راستەوخۆیە بۆ دەسەڵاتی رۆژئاوا کە پاڵپشتی ئاسمانییان دابینکردووە بۆ زۆرێك لەو گرووپانەی شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن لە عێراق و سووریا.

٢- پێموایە یەکێك لە ئامانجەکانی دیکە ئەوەیە کە درزێك درووست بکەن لەنێوان دانیشتووانی موسڵمان لە ئەورووپا و هەروەها خەڵکی ئەورووپا، دەیانەوێت ئەمە ببێتە شەڕی نێوان موسڵمانان و رۆژئاوا، ئەگەر بتوانن ئەمە بەدەست بێنن، ئەوا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەوان، بۆیە بە پەلارمادانی خەڵکی مەدەنی بەم شێوەیە لە پاریس و فڕۆکە رووسییەکە کە لە میسر خرایە خوارەوە و شوێنانی دیکە، ئامانجیان ئەوەیە کاردانەوەی رەگەزپەرستی دژی موسڵمانان لە ئەوروپا دروست بێت. بە داخشەوە هەندێك لە پارتە سیاسییەکانی ئەورووپا و لە ئەمەریکاش هەندێك لەوانەی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کاندید کردووە، خۆیان خستووەتە داو و تەڵەکەی داعشەوە و یارییان پێدەکەن بەوەی کە هەندێك لێدوانیان داوە دژ بە پەنابەران، ئەمانە هەموو خزمەت بە داعش دەکەن و هیوادارم کە ئەمە بەدی نەهێنن. مەسەلەیەکی تر بۆ داعش ئەوەیە کە دەیانەوێت بڵێن هێشتا بەهێزن بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر لە رۆژئاواوە پێوەندییان پێوە بکەن.

*** ئێمە دەزانین کە حاڵی حازر سووریا و لیبیا بوونەتە**

**داعش مایەی هەڕەشەیەکە کە گەورەترە لە جیاوازییەکانی نێوان پارتە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ هەوڵدان و دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو، بەدروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوش دژی داعش زۆر لەو جیاوازییانەی لەنێوان ئەو لایەنانەدا هەیە، بۆ خۆی چارەسەر دەبێت**

**کارگەری بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و گۆشکردنی کەسانی توندڕەو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە کە ئەم خەڵکانە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان و لەوێدا کار و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، ئایا پێشبینی ئەوە ناکرێت هێرشی لەم چەشنە زیاتر رووبدات؟**

- من نازانم ژمارەی ئەو کەسانە چەند دەبێت، بەڵام گومانم نییە کە ئەو گرووپە شەڕانگێزە لەسەر نارازیبوونی موسڵمانانی ئەورووپا و ئەمەریکا دەژین و هەوڵدەدەن هاوسۆزییان بەدەست بهێنن بۆ ئەو پەیامەی هەڵیانگرتووە کە پەیامی وێرانکاری و کوشتارە، بۆیە مەزندە دەکرێت پەلاماری زیاتر رووبدات، بەڵام زۆر گرنگە بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە رۆژئاوا و ئەو گرووپانەی شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تەواو بە روونی پیشانی بدەن کە شەڕەکە لێرەدا لە نێوان ئیسلام و رۆژئاوادا نییە، بەڵکو بەڕاستی شەڕی نێوان دوو دیدە بۆ ئەوەی چۆن خەڵك بەڕێوە ببرێت، کە دیدێکیان دیموکراسیە بۆ ئەوەی خەڵك ئازاد بێت لەوەی هەرچیەك بپەرستێت، یان هەر ئایینێك هەڵبژێرێت کە دەیەوێت و چەند مافێکی دیاریکراوی هەبێت کە کەس نەتوانێت هەر چۆنێك بێت دەستی بۆ ببات. هەروەها دیدێك کە بەڕاستی فاشیستییە، بەلای منەوە داعش گرووپێکی فاشیستییە و ئایین وەك ئایدیۆلۆژیای خۆی بەکار دەهێنێت هەروەك چۆن فاشییەکان لە ئەورووپا نەتەوەپەرستییان بەکار دەهێنا، یان سەدام حوسەین نەتەوەپەرستی لە عێراقدا بەکارهێنا، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی سەرپۆشن بۆ ئەو ئامانجە راستەقینەیەی هەیانە کە بریتییە لە سەرکوتکردنی سەرجەم ئازادییەکان و پەکخستنی پرۆسەی بە بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگە و سنووردارکردنی ژیانی خەڵکە، ئەمە ئەو شتانەیە کە داعش نوێنەرایەتی دەکات و پێموایە زۆر گرنگە ئەو گرووپانەی شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن لەناوچەکەدا، نەچنە ژێرباری ئەو لۆجیکە تایفەگەرییەی داعشەوە، من نیگەرانم کە هەندێك لەو گرووپانەی شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن لە عێراق، بۆ نموونە، لە تکریت دەستبکەن بە بەرزکردنەوەی دروشمی تایفەیی دژی داعش، لەبەرئەوەی ئەمە ئەو رێگەیە نییە کە دەبێت بگیرێتەبەر، رێگەکە دەبێت بەرزکردنەوەی دروشمی دیموکراسی بێت، دژی فاشیزم.

*** ئایا دەرئەنجامی ئەم هێرشانەی داعش بۆ سەر خەڵکە مەدەنییەکە چی دەبێت لە پێوەندی بەو هێرشە ئاسمانییانەی رۆژئاوا لە دژی ئەم تیرۆریستانە ئەنجامیان دەدات؟ ئایا ئەمە چ گۆڕانکارییەك دروست دەکات و کاردانەوەی دەوڵەتی فەڕەنسا چۆن دەبێت؟**

- تا ئەم دواییانە خەمی داعش ئەوە بوو لە ناوچەکەدا چالاکییە سەربازییەکانی ئەنجام بدات، واتە لەو ناوچانەی کە گرتبوونی و لە دەوروبەری بوون وەك تەقینەوە لە بەغدا و هەرێمی کوردستان و دیمەشق و .. هتد، بەڵام لەودیو ئەو ناوچانەوا نا، بۆیە هەر وەك وتم یەکێك لەو هۆکارانەی کە بەرەو نێودەوڵەتیبوون چوو، ئەوەیە کە هەست دەکات کەوتۆتە باری بەرگرییەوە، بۆ ساڵێك دەچێت داعش چیتر ناتوانێت ناوچەی تر داگیربکات و ناوچە لەدەست دەدات لە باکوور و سنووری کوردستان و هەروەها چەند ناوچەیەکیشی لەدەست دا لە بەرامبەر سوپای عێراقدا، بۆیە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵدەدات بەرەنگاربێتەوە و تا رادەیەك بەهێزبێتەوە.

*** تا چەند پێویستە جیهان هەڵوێستێکی هاوبەش لە دژی داعش بگرێتەبەر و بۆ ئەم مەبەستەش هاوپەیمانێتییەکی جیهان دروست بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسییە کە ئێستا بۆتە مایەی هەڕەشە لە سەرجەم مرۆڤایەتی؟**

- لەم رووەوە دەتوانین بڵێین رووسیا نموونەیەکە و چینیش نموونەیەکی ترە، هەر بەم دواییانە بیستمان کە هاونیشتمانییەکی چینی لەلایەن داعشەوە کوژرا، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەو هێزانەی سەرکردایەتی شەڕ لە دژی داعش دەکەن، ئیتر چ هەرێمایەتی و چ نێودەوڵەتی بن، هەر شتێك بکەن کە دەتوانن بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ تێکشکانی ئەو هێزە شەڕانگێزە دروست بکەن. بەڵام لە نێو وڵاتاندا جیاوازی زۆر بەرچاو هەیە، ئەمەریکا جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ رووسیا، زۆر نیگەرانی هەیە لەوەی ئێران تێوەبگلێت لە ناوچەکەدا، یان هاوکاریکردنی بۆ ئەسەد، هەروەها پرسی تورکیا و نیازەکانی، بەڵام بە بۆچوونی من لێرەدا فاکتەرێکی هاوبەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە داعش مایەی هەڕەشەیەکە کە گەورەترە لە جیاوازییەکانی نێوان پارتە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە دەبێت هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ هەوڵدان و دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو، بەدروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووش دژی داعش زۆر لەو جیاوازییانەی لەنێوان ئەو لایەنانەدا هەیە، بۆ خۆی چارەسەر دەبێت.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لایەنەکانی دیکە لە بەرامبەر داعشدا تێکدەشکێن، ئەوا کورد و هێزی پێشمەرگە توانیویانە گورزی گەورە لە داعش بدەن و شکستیان بەسەردا بێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە و تا چەند پێویستە هاوکاری زیاتری کورد بکرێت بۆ ئەوەی**

**ئەمەریکا پێویستە یارمەتییە سەربازی و هێرشە ئاسمانییەکان و راهێنانەکانی زیاتر بکات و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی سەربازی و راهێنان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دابین بکات**

**شەڕی ئایدیۆلۆژی دژی داعش لە نێوان موسڵمانان و رۆژئاوادا نییە و دەبێت لە نێوان دیدی دیموکراسیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین کە زۆر گشتگیرە و دژی دیدی فاشیستییە کە فاشیەتیش تێڕوانینێکی تایفییە**

**سەنگ و قورسایی زیاتر بە شەڕی دژ بە داعش بدات ؟**

- ئەمە زۆر گرنگە، باوەڕم وایە ئەمەریکا پێویستە یارمەتییە سەربازی و هێرشە ئاسمانییەکان و راهێنانەکانی زیاتر بکات و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی سەربازی و راهێنان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دابین بکات، هەروەها پێموایە زۆر گرنگە بۆ رۆژئاوا هەرچی ئامرازێکی هەیە و چەند توانای هەیە لە رووی قەناعەتپێکردنی خەڵك و ئامرازە دیپلۆماسییەکانەوە هەوڵبدات و دڵنیایی بدات، بەتایبەتی حکومەتی عێراق کە خۆی لابدات لەهەر مەیلێکی تایفەگەری کە لەوانەیە هەیبێت، تەنیا هیوا بۆ لەناوبردن و تێکشکانی داعش ئەوەیە کە حکومەتی عێراق هەوڵبدات رێگاچارەیەك بگرێتەبەر کە رەنگدانەوەی نوێنەرایەتی هەموو عێراقیەکان بێت نەك تەنیا گرووپێك، لەبەرئەوە دووبارە دەیڵێمەوە کە شەڕی ئایدیۆلۆژی دژی داعش لە نێوان موسڵمانان و رۆژئاوادا نییە و دەبێت لە نێوان دیدی دیموکراسیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین کە زۆر گشتگیرە و دژی دیدی فاشیستییە کە فاشیەتیش تێڕوانینێکی تایفەییە.

*** تاچەند پێتوایە بەدەر لە هێزەکانی حەشدی شەعبی شیعەکان، عێراق سوپایەکی یەکگرتووی بۆ تێکشکانی داعش هەبێت ؟**

- پێموایە حکومەتی پێشووی عێراق بە سەرۆکایەتی مالیکی بە شێوەیەکی زۆر نارەوا تێوەگلابوو، کە بەشێکی گەورە بوو لە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتە تایفەگەرییەکانیەوە. گەرچی بە بەراورد بە مالیکی حکومەتی عەبادی باشتربووە، بەڵام دەبێت زیاتر کار بکات، پێویستە گۆڕانێکی زۆر ئاشکرا هەبێت بەرەو حکومەتی مەرکەزی عێراقی کە بەڕاستی نوێنەری هەموو عێراقییەکان بێت، نەك تەنیا یەك گرووپ یان تایفەیەك، یان مەزهەبێك، ئەمەش دەبێت لە دامەزراوەکانی حکومەتدا رەنگ بداتەوە، بەتایبەتی پۆلیس و سوپا. سوپایەك کە تەنیا یەك گرووپ دەستی بەسەردا بگرێت، تەنها خزمەت بە بەهێزکردنی داعش دەکات، مەبەستم ئەوەیە کە ئارگومێنتی سەرەکیی داعش ئەوەیە کە شەڕ لەگەڵ بێباوەڕان دەکات، ئەوانەی هاوبەشی لە راڤە بەرتەسکەکەیان ناکەن بۆ ئیسلامی سوننە، بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەبێت پشت ببەسترێت بە هاوپەیمانییەکی فراوان و حکومەتێك کە بانگەشەی دیموکراسی گشتگیری بکات.

*** ئەو دۆخەی لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا لەئارادایە ئەوەیە کە حکومەتەکانیان لە بەرەیەکدا و دانیشتووانەکەشیان لە بەرەیەکی دیکەدان، واتە کاتێك حکومەتی ئەم وڵاتانە دەبنە بەشێك لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، ئەوا کەشێك لە نێو خەڵکەکەدا باڵادەست کە هاوکاری و پشتیوان نییە بۆ ئەم ئەرکە، لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئێوە بەتایبەتی باسی وڵاتانی کەنداو دەکەن، جارێکی دیکە دەیڵێمەوە کە بە تەواوی لەگەڵتاندا هاوڕام. پێموایە ئایدیۆلۆژیای وەهابیزم بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئایدیۆلۆژیایە کە داعش ئاوەدەدات، پێموایە ئەمە شتێکە دەبێت لە ماوەیەکی درێژخایەندا چارەسەربکرێت، لە ئێستادا چارەسەری کورتخایەن دەبێت سەربازی بێت، پێویستە هێرشێکی سەربازی بەهێز هەبێت لە دژی داعش، بەڵام لە ماوەیەکی دووردا دەبێت فشار هەبێت بەتایبەتی لەسەر سعودیە و قەتەر کە دەستهەڵگرن لەپاڵپشتی ئەو وەهابییە توندڕەوانە، من نالێم کە رۆژئاوا ببێتە پۆلیس و دیاری بکات خەڵك چ جۆرە ئایینێك پەیڕەو بکەن، بەڵام هیچ هۆکارێك نییە خەڵاتی ئەو وڵاتانە بکرێت کە زۆر بە ئاشکرا لە پشت بڵاوبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا توندەڕەووەن، عێراق و سووریا دوو هەرێمن کە لە رووی مێژووییەوە زۆر پێشوازیکەر بوون بەرانبەر راڤە جیاوازەکانی ئایین و ئایینی جیاواز و ئەو تایفەگەرییە قووڵە ئایینییەیان نەبووە، بۆیە ئەمەی ئێستا هەیە شتێکە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لە وڵاتانی کەنداوەوە هاتووە، وەك سعودیە و هەروەها چەند بەشێك لە پاکستان بەهۆی جۆرێك لە دارمانی حکومەت لەو ناوچانەدا، بەڵام دووبارە دەیڵێمەوە چارەسەری دەستبەجێ ئەوەیە کە رێگەی سەربازی بگیرێتەبەر و لە سەرئاستی ماوەدرێژیش دەبێت فشار بخرێتە سەر چەند حکومەتێکی جیاواز کە پاڵپشتی ئایدیۆلۆژی داعشن لە سەرەکیترینیشیان وڵاتی سعودیە و وڵاتانی کەنداون.

*** ئایا هیچ شتێکت ماوە ئێمە پرسیارمان نەکردبێت و بتەوێت لە کۆتاییدا بیڵێیت؟**

- هەموومان زۆر شانازی بە پێشمەرگەوە دەکەین، نەك تەنیا بەو سەرکەوتنانەی بەدەستیان هێناوە، بەڵکو بەو شێوازەش کە کاری پێدەکەن، شەڕەکەیان بە شێوەی تایفەیی ئەنجام نەداوە و هەواڵ هەیە تەنانەت ئافرەتانی کورد لە شەڕەکانی دژی تیرۆریستان بەشداری دەکەن، ئەمە زۆر بە روونی ئایدیۆلۆژیا و دیدێکی جیاواز پیشان دەدات لەشەڕکردن دژی داعش و کە بەڕاستی زۆر گرنگە.

**ئایدیۆلۆژیای وەهابیزم بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئایدیۆلۆژیایە کە داعش ئاوەدەدات، پێموایە ئەمە شتێکە دەبێت لە ماوەیەکی درێژخایەندا چارەسەربکرێت**

**من نالێم کە رۆژئاوا ببێتە پۆلیس و دیاری بکات خەڵک چ جۆرە ئایینێک پەیرەو بکەن، بەڵام هیچ هۆکارێک نییە خەڵاتی ئەو وڵاتانە بکرێت کە زۆر بە ئاشکرا لە پشت بڵاوبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا توندەڕەووەن**



# ئازادکردنی شنگال خاڵی وەرچەرخان بوو لە ستراتیژیەتی جیهان دژی تیرۆر

### بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی..

# شەڕی سێیەمی جیهانییە دژی داعش





**ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش کە شەڕی دژی داعش لە شەڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دەکاتە شەڕی سێیەمی جیهانی دژی تیرۆریستانی داعش، گۆڕانکاری زۆر گەورە لەسەر ئاستی سیستمی نوێی جیهان و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جیهان دروست دەکات، بەڵام خاڵی دەستپێک لەم شەڕە و لە داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی جیهان لە دەوڵەتی کوردستانەوە دەست پێدەکات**

### • تێکشکاندنی داعش شەڕێکی تەقلیدی نییە هەموو جیهان بێجگە لە پێشمەرگە سوپایەکی دیکەی نییە

کاتێک باراك ئۆباما لە ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤ ستراتیژیەتی خۆی بۆ تێکشکان و لە ریشەهەڵکێشانی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، پرۆفیسۆر ماکس بوت بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: «لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش ناکرێت و ناتوانرێت تێکبشکێندرێن و لە ریشە هەڵبکێشرێن. ئەم شەڕە پێویستی بە سوپایەکە کە لە سەر زەوی بوونی هەبێت و توانای ئەوەشی هەبێت کە شەڕێکی غەیرە تەقلیدی دژی تیرۆریستانی داعش بەڕێوەبەرێت». دوای نزیکەی ١٥ مانگ بە سەر راگەیاندنی ئەم ستراتیژییەدا، هەفتەی رابردوو سەرۆك ئۆباما لە لوتکەی گرووپی جی ٢٠، راشکاوانە رایگەیاند کە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش شەڕێکی تەقلیدی نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك ئۆباما بە شێوەیەکی زمنی دانی بەو راستییەدا ناوە، تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی تیرۆریستانی داعش، پێویستی بە سوپایەکە کە توانای ئەوەی هەبێت شەڕی غەیرە تەقلیدی بکات، تەنیا سوپایەکیش کە

هەتا ئێستا لەماوەی نزیکەی ١٨ مانگی شەڕی دژی داعشدا سەلماندبێتی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەسەر زەوی تەنیا و تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، ئەو هێزەی کە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە سەرپەرشتی دەکرێت و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی لەبەرەکانی شەڕدا راستەوخۆ سەرکردایەتی دەکات و سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ دەکات.

بڕیار درووستکەرانی سەربازی و توێژەرانی بواری سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لە سەرانسەری جیهان، لە ماوەی ئەم ١٨ مانگەی شەڕی دژی داعشدا، هەموو پێکەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی شەڕی دژی داعش تەنیا بە هێزە کوردییەکان دەکرێت، لەمەشدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زۆر بە جددی شەڕ دژی داعش دەکات و ئەم شەڕە بۆ کورد شەڕی مان و نەمانە و ناتوانێت ئەم شەڕە نەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا دیسان ژەنراڵە سەربازییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر و توێژەرانی بواری سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، راستییەکی دیکەیان لە میانەی شەڕی هێزە کوردییەکان دژی تیرۆریستانی داعش بۆ ئاشکرا بووە، ئەویش ئەوەیە راستە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە





شەڕی هێزە کوردییەکان دژی تیرۆریستانی داعش بکات، بەڵام دیسان ئەم هێزە ناتوانێت شەڕەکە یەکلایی بکاتەوە، ئەگەر لە ژێر سەرکردایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی بە شێوەیەکی راست و دروست ئاراستە نەکرێت و لە چوارچێوەی پلانێکی سەربازیی تۆکمە و پێکەوە گرێدانەوەی توانای پێشمەرگە لەگەڵ هاوکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە کات و ساتی خۆیدا پێکەوە وەگەڕ نەخرێن. ئەم شێوازی بەڕێوەبردنی شەڕ و سەرکەوتن و پاشەکشە پێکردنەی داعشیش لەماوەی ١٨ مانگی رابردووی ئەم شەڕەدا، ئەو راستییەی سەلماندووە، کە تیرۆریستانی داعش لە هیچ شوێنێکی ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، پاشەکشەیان پێنەکراوە، تەنیا لەو بەرەی شەڕانە نەبێت کە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە سەرپەرشتی کراوە و پلانی بۆ دانراوە و پێشمەرگە و تەواوی هێزە کوردییەکانی دیکە ئەو پلانە سەربازییەیان جێبەجێ کردووە، ئەم حاڵەتە بە تەواوەتی لە شەڕی ٨٥ رۆژەی ئازادکردنی کۆبانێ رەنگی دایەوە، کە پێش چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاری هێزە کوردییەکانی دیکە لەو شارە، هەموو جیهان مەزندەی ئەوەی دەکرد کۆبانی بکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش، بەڵام بە چوونی هێزی پێشمەرگە هاوکێشەکە گۆڕا و لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگدا تەواوی شاری کۆبانێ ئازاد کرا، ئازادکردنی کۆبانێ کە دوای ئازادکردنی بەنداوی مووسڵ و زوممار و چیای شنگال هات، بووە دانپێدانێکی دیکەی جیهانی بەوەی تەنیا هێزێك بتوانێت ئەم شەڕە غەیرە تەقلیدییە بکات و سەرکەوتنی گەورە دژی تیرۆریستانی داعش تۆمار بکات، ئەو هێزە کوردییەیە کە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پلانی سەربازی بۆ دادەنرێت.

**● مسعود بارزانی تەنیا سەرۆکی سەرکەوتوو لە شەڕی غەیرە تەقلیدیدا**

لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بۆ سەر مەنهاتن و دوای ئەویش بۆ سەر پێنتاگۆن لە واشنتۆن دی سی، جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا توانی ڤیزەی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ رووخاندنی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە چوارچێوەی شەڕێکی تەقلیدیدا وەربگرێت، سەرکەوتنی خێرای هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە رووخانی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان، هانی سەرۆك بۆشی دا، لەساڵی ٢٠٠٣ بەبێ ڤیزەی ئەنجوومەنی ئاسایش و لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندانە، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق بۆ رووخانی رژێمی

**ئەگەر هاوپەیمانی نیودەوڵەتیی دژی داعش، دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان دامەزرابێت، ئەوا گۆڕینی ئەم شەڕە بۆ شەڕێکی جیهانی لەبەر رۆشنایی تازەترین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشدا، ئەوا ئەم شەڕە جیهانییە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە سەرۆک مسعود بارزانی سەرکەوتنە مەزنەکەی ئازادکردنی شنگالی تێدا تۆمار کردووە**

ریتچارد هاس:

# داعش بە بێ هێزی زەمینیی کارا تێکناشکێت و لە ئێستاشدا تەنیا کورد خاوەنی ئەو هێزەیە



**ریتچارد هاس لەناو ئەو هەموو هاوپەیمانییە تەقلیدییەی ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێوان سعودیە و میسر و تورکیادا، رێنمایی رۆژئاوا دەکات تەنیا هاوپەیمانی لەگەڵ کورد هەڵبژێرێت**

سەدام حوسێن پیادە بکات و لەمەشیاندا توانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەرسوڕهێنەر رژێمی سەدام حوسێن بڕووخێنێت، بەڵام ئەم دوو سەرکەوتنە گەورەیە نەك هەر نەیتوانی کۆتایی بە تیرۆریستانی رێکخراوی ئەلقاعیدە بهێنێت، بەڵکو بووە ژینگەیەك بۆ ئەوەی باشتر تیرۆریستان خۆیانی لەگەڵ رابهێنن و باشتر بیکەنە زۆنێك بۆ گەشەکردنی تیرۆریستان، هەتا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ باڵی رێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق، خۆی لەو رێکخراوە جیاکردەوە و خۆی ناو لێنا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش)، رێکخراوی تیرۆریستی داعش جیا لەوەی توانی خۆی باشتر لە رێکخراوی ئەلقاعیدەی باڵی عێراق رێکبخاتەوە، لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی دژایەتیکردنی مەددی شیعەی کردبووە ئەولەوییەتی خۆی، ئەوا لەماوەیەکی زۆر کورتدا وایکرد کە سۆزی بەشێکی زۆری سوننە بەلای خۆیدا رابکێشت و لە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق سوپا خۆی بەدەستەوە بدات و چەکەکانی رادەستی تیرۆریستانی داعش بکات. هەر بۆیە دوای ئەوەی ٥ فیرقەی سوپای عێراق بە هەموو ئامێر و چەك و تەقەمەنییەکەوە لە مووسڵ و تکریت خۆی بەدەستەوەدا، هاوکات لە سووریاش چەك و تەقەمەنییەکی هێجگار زۆریان لە سوپای سووریا دەست کەوتبوو، بۆیە رێکخراوی تیرۆریستی داعش دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا راگەیاند، ئەم دەوڵەتە چەکی دوو دەوڵەتی لەبەردەستدا بوو، زیاد لەمەش کاردانەوەی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتی دەوڵەتی داعش لە ئیدانەکردن بەولاوە شتێکی دیکە نەبوو، بۆیە ئەمە تیرۆریستانی داعشی بەو ئاستە

له راستیدا ئەو تەحەددییەی دەوڵەتی ئیسلامی دروستی کردووە، پێویستی بە گرتنەبەری چەند ڕێکارێک هەیە، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێکارێک بەس نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییە. کەواتە ئەمە هەوڵی هەمەلایەنە و لە بواری هەمەلایەندا دەخوازێت. یەکێک لە ڕێگاچارەکان بریتییە لە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی، ئەمە گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە، وەک چڕکردنەوەی گورزە ئاسمانییەکان لە دژی سەرکردە و بنکە سەربازییەکان و دامەزراوە نەوتی و غازییەکانی داعش. بەڵام هێزی ئاسمانی چەند گەورە و کاریگەر بێت، بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە. چونکە ئەگەر دەمانەوێت خاکی ژێر دەستی داعش رزگار بکەین و پارێزگاری لێبکەین، ئەوا پێویستە هێزێکی زەمینی گەورە هەبێت.

بەداخەوە، لە ئێستادا کاتی ئەوەمان بەدەستەوە نییە لە سفرەوە دەست پێبکەین بۆ دروستکردنی هێزێکی مەحەلی لەسەر زەوی، پێشتریش هەوڵی لەم چەشنە دراوە، بەڵام شکستی هێناوە. دەوڵەتە عەرەبییەکان ناتوانن، یان نایانەوێت ئەم هێزە پێکبهێنن، سوپای عێراق لە ئاستی ئەرکەکەدا نییە، میلیشیا شیعەکان تەنها قوڕەکە خەستتر دەکەنەوە. بۆیە باشترین بژاردە بریتییە لەوەی زیاتر لە نزیکەوە کار لەگەڵ هێزە کوردەکان و خێڵە سوننەکانی عێراق و سووریادا بکرێت. ئەوەش بە مانای پێدانی چەک و زانیاری هەواڵگری دێت، لەگەڵ ئامادەیی بۆ ناردنی سەربازی زیاتر- کە ئێستا زیاتر لە ٣،٥٠٠ سەربازی ئەمەریکی لێیە. کە رەنگە پێویست بەوە بکات ١٠،٠٠٠ سەربازی دیکە رەوانە بکرێت بۆ مەبەستی مەشقپێکردن و پێدانی راوێژ و هاوکاریکردن بۆ ئەنجامدانی هێرشە سەربازییەکان.

سەرچاوە: دوای پاریس

نووسینی: ریتچارد هاس

لە پرۆجێکت سیندیکەیت-دا بڵاوکراوەتەوە



غرور کرد، کە هەرێمی کوردستانیش داگیر بکەن و بیکەنە بەشێك لە خلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی داعش. بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەشیان راستە لە سەرەتادا تیرۆریستانی داعش توانییان لە ناوچە سنورییەکانی جەلەولا و دەشتی نەینەوا و شنگال پێشڕەوی بکەن و شنگال داگیر بکەن، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بەرامبەر تیرۆریسانی داعش و راگرتنی هێرشەکانیان و پاشانیش بڕیاری ئەمریکا بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بۆ پێشمەرگە بووە هۆکاری ئەوەی ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت و ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژەداعش، ئومێدێکیان بۆ پەیدا بێت، بەوەی داعش ئەو هێزە نییە لە شکاندن نەیەت، جێگەی ئاماژە پێکردنە، پێش مقاوەمەتی پێشمەرگە و راگرتنی هێرشەکانی داعش، سوپای عێراق (بەشە شیعییەکەی) نەك هەر توانای ئەوەی نەبوو بەرامبەر داعش رابوەستێت، بەڵکو سەرەڕای هاوکاریی راستەوخۆی ئێران، هێزەکانی داعش گەیشتنە لێواری بەغدا و مەترسیی گەورە ئەوە بوو تیرۆریستانی داعش بەغداش داگیر بکەن، ئەمە وایکرد ئایەتوڵڵا سیستانی فەتوای نەفیر عامی دەرکرد (ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن حەشدی شەعبی)، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی ئەم هێزە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، بەڵکو هەمووی لە پێناوی ئەوە بوو بتوانن تەنیا بەغدا بپارێزێن.

لەگەڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٣ – ئابی ٢٠١٤، هێزێکی پشتگوێ خراوی سەربازی بوو لەلایەن سوپای عێراق و تەنانەت ئەمریکاشەوە، خاوەنی هیچ جۆرە چەکێکی تازە و هاوچەرخ نەبوو، بەڵام لە ژێر سەرکردایەتی راستەوخۆی

**بڕیار دروستکەرانی سەربازی و توێژەرانی بواری سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لە سەرانسەری جیهان، لە ماوەی ئەم ١٨ مانگەی شەڕی دژی داعشدا، هەموو پێکەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی شەڕی دژی داعش تەنیا بە هێزە کوردییەکان دەکرێت**

**لە بایەخ و کاریگەریی هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەک فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کەم ناکەینەوە، بەڵام هاوکاریی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان و ئێستا رووسیاش، هەمووی پێکەوە لە عێراق و سووریاش نەبوونە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی سەرزەوی سەرکەوتنێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دژی داعش تۆمار بکەن**

سەرۆك مسعود بارزانی توانی بەو چەکە سادە و کۆنانە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت. ئەمەش بووە سەرەتای هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شایەنی باسە هەتا رزگاکردنەوەی بەنداوی مووسڵیش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا بە رێگەی هێزی ئاسمانی هاوکاری کراوە، بەڵام سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەوەی وەك دەوڵەت خاوەنی هێزێکی ئاسمانی کاریگەر بوون و چەکەکانیشیان زۆر لە چەکی پێشمەرگە کاریگەرتر بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو هاوکارییە ئاسمانییەی بۆ پێشمەرگە دەکرا، بەهەمان شێوە هاوکاری سوپای عێراق و حەشدی شەعبیش دەکرا، بەڵام ئێستاشی لە گەڵدا بێت، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی نەیانتوانیوە هیچ سەرکەوتنێك بەرامبەر داعش تۆمار بکەن، خۆ ئەگەر باس لەوە بکرێت کە توانیوانە تکریت رزگار بکەن، ئەوا لەبەرامبەردا رومادی-یان دۆڕاندووە.

ئەمانە هەموو پێکەوە راستییەکی تازەیان بۆ جیهان ئاشکرا کرد، کە ئەو سوپایەی بتوانێت لەسەر زەوی شەڕێکی غەیرە تەقلیدی لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستی بکات، تەنیا و تەنیا هێزی پێشمەرگەیە، لێرەدا لە بایەخ و کاریگەریی هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کەم ناکەینەوە، بەڵام هاوکاریی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان و ئێستا رووسیاش، هەمووی پێکەوە لە عێراق و سووریاش نەبوونە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی سەرزەوی سەرکەوتنێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دژی داعش تۆمار بکەن.

**● دروستکردنی سوپایەك**
**بۆ شەڕی غەیرە تەقلیدی**

هەتا ئابی ٢٠١٤ کە هێزی پێشمەرگە توانی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و دواتریش سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا بە ئازادکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و چیای شنگال، تەواوی جیهانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، تەنیا نموونەی سوپای کۆلۆمبیایان هەبوو، کە توانیبوویان شەڕی گرووپەکانی مافیا بکەن و سەقامگیری بۆ ئەو وڵاتە بگێڕنەوە، بۆیە ژەنراڵەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکاش، لە شەڕی دژی داعشدا، وەك پێکچوواندێکی گرووپە مافیاکان لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان، هەوڵیان دەدا زۆر سوود لە شێواز و ئەزموونی سوپای کۆلۆمبیا وەربگرن، بەڵام سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەتایبەتی لە ئازادکردنەوەی بەنداوی مووسڵ و چیای شنگال ئەوەی پیشانی جیهان دا، راستە ئەم شەڕە شەڕێکی غەیرە تەقلیدییە، بەڵام لە هەمانکاتدا شەڕێك نییە دژی گرووپێکی تیرۆریستی، یان گروپێك لە مافیا، بەڵکو ئەمە شەڕێکی غەیرە تەقلیدییە دژی دەوڵەتێکی تیرۆریستی کە جیا لەوەی چەك و تەقەمەنی و ئامێری سەربازی مۆدێرنی دوو دەوڵەتی لەبەر دەستە، لە هەمانکاتدا ئەم دەوڵەتە خۆیشی کارگەیەکە بۆ دروستکردنی چەکی خۆکوژ کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت سنووری بۆ دابنێت، بەتایبەتی لەو کاتەی هێشتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان رۆکێتی دژە تانك و دژە ئۆتۆمبێلی بە مینچێنراوی نەگەیشتبووە دەست.

کەواتە شەڕی هێزی پێشمەرگە دژی تیرۆریستانی داعش، مۆدێلێکی دیکەی شەڕ بوو کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەناو زانستی سەربازی جیهاندا بوونی نییە، ئەویش ئەو شەڕەیە کە پێی دەگوترێت: «شەڕی غەیرە تەقلیدی دژی دەوڵەتێکی تیرۆریستی».

ئەوەی بۆ ژەنراڵە سەربازییەکانی تەواوی وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە چۆن لە چوارچێوەی سەرکردایەتی و پلانی سەربازی سەرۆك مسعود بارزانی، هێزی پێشمەرگە بۆتە ئەو سوپایەی بتوانێت ئەم شەڕە تەقلیدییە بکات و سەرکەوتنی گەورەش بە دەست بهێنێت، سەرکەوتنێك بە هاوشێوەی ئازادکردن و پاراستنی شوێنێکی ستراتیژی وەك بەنداوی مووسڵ و چیای شنگال و ئەمجارە ئازادکردنی شنگال و رێگەی ستراتیژی ٤٧ کە دەوڵەتی ئیسلامی کردووە بە دوو بەشەوە و لە یەکتری دابڕیوون.

سەبارەت بەم لایەنە ریتچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکی پێشووی ستاقی

**لەگەڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ – ئابی ٢٠١٤، هێزێکی پشتگوێ خراوی سەربازی بوو لەلایەن سوپای عێراق و تەنانەت ئەمریکاشەوە، خاوەنی هیچ جۆرە چەکێکی تازە و هاوچەرخ نەبوو، بەڵام لە ژێر سەرکردایەتی راستەوخۆی سەرۆک مسعود بارزانی توانی بەو چەکە سادە و کۆنانە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت**



پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە تازەترین وتاریدا بە ناونیشانی: (دوای پاریس) کە لە ماڵپەڕی (سەندیکەیت پرۆجێکت) بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، «ئەگەر جیهان دەیەوێت شەڕی تیرۆریستانی داعش بەرێتەوە، ئەوا دەبێت بزانێت پشت بە چ هاوپەیمانێك دەبەستێت، ریتچارد هاس لەناو ئەو هەموو هاوپەیمانییە تەقلیدییەی ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێوان سعودیە و میسر و تورکیادا، رێنمایی رۆژئاوا دەکات تەنیا هاوپەیمانی لەگەڵ کورد هەڵبژێرێت». پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی هاس لەم هاوپەیمانییەدا تەنیا کورد بۆ هاوپەیمانی جیهانی ئازاد دژی تیرۆریستان هەڵدەبژێرێت؟ بێگومان هۆکارەکەی ئەوەیە تەنیا کورد توانیویەتی سوپایەکی غەیرە تەقلیدی ئەوتۆ دروست بکات و پلانێکی سەربازی ئەوتۆ دابڕێژێت کە بتوانێت هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان هێز و ئیرادەی پێشمەرگە لەسەر زەوی و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە چەکی مۆدێرن و هەماهەنگی دروستکردن لەنیوان هێزی زەمینی و ئاسمانی دروست بکات.

کەواتە ئەگەر بندێڕی پێشنیارەکەی ریتچار هاس بخوێنینەوە، راشکاوانە مەبەستی لە پشت بەستن لە کورد وەك هاوپەیمانییەك بۆ سەرکەوتن لە شەڕی دژی داعش، ئاماژەکردنیەتی بە سەرکەوتنەکانی کورد لە شنگال و کۆبانێ، جیهانیش دەزانێت، ئەم دوو سەرکەوتنە مێژووییە چۆن بەدەستهاتووە و چۆن سەرۆك مسعود بارزانی لە هەردووکیاندا رۆڵی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی شەڕەکاندا هەبووە.

## ● شنگال خاڵی وەرچەرخان بۆ شەڕی جیهانی دژی تیرۆر

ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش، دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان دامەزرابێت، ئەوا گۆڕینی ئەم شەڕە بۆ شەڕێکی جیهانی لەبەر رۆشنایی تازەترین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشدا، ئەوا ئەم شەڕە جیهانییە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە سەرۆك مسعود بارزانی سەرکەوتنە مەزنەکەی ئازادکردنی شنگالی تێدا تۆمار کردووە، سەرکەوتنی شنگال بە ئاستێك گۆڕانکاری و هیوای بۆ جیهان لەشەری دژی داعش دروستکردووە، وەك گاری کێنت لە وتارێکیدا کە لە (کرۆنیکل لایف) لە ٢٠ی ١١ی ٢٠١٥ بە ناونیشانی (هێرشەکانی سەر پاریس: ئێمە هەموومان فەرەنسین، بەڵام پێویستە لە هەمانکاتدا بڵێین هەموومان پێشمەرگەین)، ئەم بانگەشەیەی گاری کێنت بۆ فەرەنسییەکان بەوەی بڵێن: هەموومان پێشمەرگەین، ئاماژەیەکی راشکاوانەیە بۆ ئەوەی فەرەنسییەکان سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەربگرن و دەبێت وەك پێشمەرگە بەئیرادە بن، لەبەر ئەوەی ئەوەی تیرۆریستانی داعش بە هاووڵاتییانی کوردی ئێزیدییان کرد لە شنگال، هێشتا نەیانتوانیوە هێندە بە فەرەنسییەکان بکەن، بۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، نابێت کارە تیرۆریستییەکانیان نائومێدمان بکات، دەبێت دوای ئەم کارەساتە وەك پێشمەرگە، فەرەنسا لە تیرۆریستان پاك بکرێتەوە، هەروەك چۆن پێشمەرگە شنگالی لە تیرۆریستان پاك کردەوە، لەمەش زیاتر دەبێت هەموو پشتگیرییەکی پێشمەرگە بکرێت و هەموو جۆرە چەکێکی بۆ دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك پێشمەرگە تیرۆریستانی داعش تێکدەشکێنێت، لە بری هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات.

کەواتە راستە ئازادکردنی شنگال بووە هۆکاری ئەوەی تیرۆریستانی داعش هەست بە شەرمەزارییەکی گەورە بکەن و بۆ شاردنەوەی ئەم شەرمەزارییە لە بەرەکانی شەڕ، هەوڵیاندا ئاراستەی کارە تیرۆریستییەکانیان بگوازنەوە بۆسەر ئاستی گلۆباڵی بۆ ئەوەی سەرنجی جیهان بۆلای خۆیان رابکێشن و شکشت و شەرمەزارییەکەیان لەشنگال بشارنەوە، بەڵام ئەم کاردانەوە شێتگێڕانەیان بووە هۆکاری ئەوەی جیهان بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەم شەڕە بکات و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بۆ سنووردانان و لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش دەربکات.

ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش کە شەڕی دژی داعش لە شەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دەکاتە شەڕی سێیەمی جیهانی دژی تیرۆریستانی داعش، گۆڕانکاری زۆر گەورە لەسەر ئاستی سیستمی نوێی جیهان و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جیهان دروست دەکات، بەڵام خاڵی دەستپێك لەم شەڕە و لە داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی جیهان لە دەوڵەتی کوردستانەوە دەست پێدەکات.

**تیرۆریستانی داعش لە هیچ شوێنێکی ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، پاشەکشەیان پێنەکراوە، تەنیا لەو بەرەی شەڕانە نەبێت کە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی-یەوە سەرپەرشتی کراوە و پلانی بۆ دانراوە و پێشمەرگە و تەواوی هێزە کوردییەکانی دیکە ئەو پلانە سەربازییەیان جێبەجێ کردووە**

**داعش جیا لەوەی توانی خۆی باشتر لە رێکخراوی ئەلقاعیدەی باڵی عێراق رێکبخاتەوە، لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی دژایەتیکردنی مەددی شیعەی کردبووە ئەولەوییەتی خۆی، ئەوا لەماوەیەکی زۆر کورتدا وایکرد کە سۆزی بەشێکی زۆری سوننە بەلای خۆیدا رابکێشت و لە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق سوپا خۆی بەدەستەوە بدات و چەکەکانی رادەستی تیرۆریستانی داعش بکات**





## قاسم شەشۆ فەرماندەی فەرماندەیی هێزی شنگال بۆ گوڵان:

# شنگال بەسەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە ئازادکراوە

پرۆسـەی ئازادکردنی شـنگال نەك تەنیا لەسـەر ئاسـتی ناوخۆی کوردسـتان بەگشـتی و بۆ کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی رووداوێکـی مێژوویـی بـوو، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتـی دژی داعش، ئازادکردنی شـنگال وەك خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە لە شـەڕی دژی تیرۆریسـتانی داعش لە سـەر ئاسـتی جیهان سـەیر دەکرێت و هەموو جیهان بە ئیعجابەوە سـەیری ئەو پلانە سـەربازییە دەکەن کە راسـتەوخۆ بە سەرپەرسـتی سەرۆك مسـعود بارزانی و بە هەماهەنگی هێـزی ئاسـمانی هاوپەیمانـان لـە کەمتـر لـە ٤٨ کاتژمێردا جێبەجێ کرا. پرۆسـەی ئازادکردنی شـنگال تەنیا هێرشـێکی سـەربازی نەبووە بۆ گرتنەوەی شـارێك، بەڵکو پلان و پرۆسـەیەکی سـەربازی بووە و ئامانج لەم پلان و پرۆسـە سـەربازییە بۆ ئەوەبووە شاری شنگال بە جۆرێك ئازاد بکرێت کە بە تەواوەتی مەترسیی تیرۆریستانی داعش دوور بخرێتەوە، لەمەش زیاتر ئەم پرۆسە سەربازییە رەهەندێکی ستراتیژیی سەربازی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشی لە خۆی گرتووە، ئەویش ئەوەیە پرۆسەی ئازادکردنی شنگال واتە لەتکردنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش. ئەم پرۆسەیە وەك پلانێکی سەربازی، تەنیاو تەنیا لەلایەن هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە جێبەجێکراوە و وەك نەریتێکی سـەربازی لە ژێر سەرپەرشـتی یەك سەرکردایەتی ئەنجامدراوە، بۆیە ئەگەر لایەنێکی سیاسی دوای ئازادکردنی شنگال هاتبێتە ناو شنگال، ئەوە مانای ئەوە نییە لە پرۆسەی ئازادکرنی شنگالدا بەشداری کردبێت. بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی ئازادکردنەوەی شنگال و چارەنووسی ئـەم شـارە لـە ئاینـدە و گەڕانـەوەی ئاوارەکان بۆ ئەم شـارە و ئاوەدانکردنەوەی، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ قاسم شەشۆ فەرماندەی فەرماندەیی هێزی شنگال ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** پێش ئەوەی بێینە سەر گرنگیی ئازادکردنی شنگال، دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کارەساتە گەورەیەی بە سەر ئێزیدییان هات. ئایا لەناو ئەو کارەساتە گەورەیە چۆن مقاوەمەت کراو چۆن ئامادەباشی بۆ رزگاکردنی شنگال کرا؟**

- هەموو جیهان ئاگادارە کە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال و داگیرکردنی شنگال لەلایەن ئەو گرووپە تیرۆریستییەوە چەند کارەساتێکی گەورە بووە. تیرۆریستانی داعش رووی راستەقینەی خۆیان پیشانی جیهان دا کە چەند دڕندە و بێ ئەخلاق و بێ ویژدان بوون و ئەمانە پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە. ئەو تیرۆریستانە دوای داگیرکردنی شنگال دەستیان لە هیچ نەپاراست، هەوڵیاندا هەموو خەڵکی ئێمە لە ژن و منداڵ هەتا پیرەمێردی ١٢٠ساڵی هەمووی کۆمەڵکوژ بکەن، هەتا ئێستاش نازانین بە درووستی ئاماری کوژراوەکانی ئێمە چەندە، بەدروستی نازانین چەند کچ و ژنی ئێمە لای تیرۆریستانی داعش یەخسیر کراون و هەر لەبەردەستی ئەوان ماون، ئەوەی مەزندە دەکرێت ئەوەیە زیاتر لە ٥٠٠٠ هاووڵاتی ئێمە شەهید بوون، زیاتر لە ٥٠٠٠ کچ و ژنی ئێمە هەتا ئێستا لای تیرۆریستانی داعش ماونەتەوە. بۆیە ئەم کارە بێ ئەخلاقی و دڕندەییەی ئەو تیرۆریستانە بەرامبەر کوردانی ئێزیدی ئەنجامیان دا، کارێکە هەموو جیهان مەحکوومی دەکات و تەنانەت هیچ موسڵمانێك لەم جیهانەدا تیرۆریستانی داعش وەك موسڵمان قبووڵ ناکات.

*** دوای داگیرکردنی شنگال و ئاوارەبوونی کوردانی ئێزیدی بۆ چیای شنگال، هەموو هەوڵی تیرۆریستانی داعش ئەوە بوو، مەزاری شێخ شەرەفەدین داگیر بکەن و بیتەقێننەوە، ئایا چۆن بەرگری لە مەزاری شێخ شەرەفەدین کرا؟**

- ئامانجی سەرەکیی تیرۆریستانی داعش بۆ لەناوبردنی تەواوی ئێزیدییان بوو، هەر بۆیە داعشییەکان دوای داگیرکردنی شنگال ١٦ جار هێرشیان کردە سەر مەزاری شێخ شەرەفەدین، بەڵام بە پشتیوانی خوا و بە هیممەتی پێشمەرگە هەموو هێرشەکانیان تێکشکێندراو رێگە نەدرا دەستی چەپەڵی تیرۆریستان بگاتە ئەو مەزارە پیرۆزە، بۆ ئێمەی ئێزیدی مەزاری شێخ شەرەفەدین دوای لالش شوێنێکی پیرۆزە، بۆیە تیرۆریستان ئامانجیان ئەوە بوو دوای داگیرکردنی ئەو مەزارە، چیای شنگالیش داگیر بکەن و هەموو ئەو خەڵکەی لە چیای شنگال بوو کە ٥٠-٦٠ هەزار کەس مەزندە دەکران، هەموویان کۆمەڵکوژ بکەن، یان دەستگیریان بکەن، بۆیە بە راشکاوی دەڵێم: ئێمە هەتا پێش ١٨ی ١٢ی ٢٠١٤ و ئازادکردنی چیای شنگال، بارودۆخمان زۆر خراپ بوو، بەڵام دوای ئەوەی بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو چیایە ئازادکرا، ئێمە لە چیای شنگال لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی کۆبووینەوە، ئەو پێی راگەیاندین ئەو مقاوەمەتەی بۆ پارێزگاریکردن لە مەزاری شێخ شەرفەدین کراوە، قارەمانەتییەکی بێ وێنە بووە، هەروەها دواتریش کە جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هاتە مەزاری شێخ شەرفەدین و ناوچەکەی بینی زۆر ستایشی ئەو مقاوەمەتەی کرد.

*** باسی ئەوەت کرد هەتا پێش ١٨ی ١٢ی ٢٠١٤، بارودۆختان خراپ بووە، چۆن ئەم وەزعەتان لە سەرکردایەتی گەیاند و چۆن هاوکاریتان بۆ دابین کرا؟**

- پێش ئەو بەروارە، تیرۆریستانی داعش بەردەوام بوون لە هێرشکردن، بۆیە من راستەوخۆ تەلەفونم بۆ بەڕێز مسرور بارزانی کرد و بارودۆخەکەم بەتەواوەتی تێگەیاند، بەوەی ئەگەر یارمەتیمان نەگاتێ باردۆخەکەمان خراپتر دەبێت، دوای ئەم تەلەفۆنە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی فەرمانی کرد بە هەر رێگەیەك بێت و چۆن دەکرێت، دەبێت چەك بۆ ئێمە بنێرن و چەك بگاتە دەستی ئێمە، بۆ ئەمەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو قۆڵەوە، هەوڵیاندا رێگەی سەرەکی بۆ گەیشتن بە چیای شنگال پاك بکەنەوە و بە تەواوەتی چیای شنگال ئازاد بکرێت، بە ئازادکردن و پێکەوە گرێدانەوەی چیای شنگال بە کوردستانەوە، ئیدی بارودۆخی ئێمە گۆڕا، جەنابی سەرۆك خۆی هاتە سەر چیای شنگال و لەوێوە پێی راگەیاندین: من ئیسراحەت ناکەم، هەتا شنگال رزگار نەکرێت، ئەگەر ١٠٠٠ پێشمەرگەش بۆ ئازادکردنی شنگال شەهید بکرێن، هەر دەبێت شنگال رزگار بکرێت.»

لەو کاتەوە تا رۆژی ١٢ی ١١ی ٢٠١٥ ئامادەباشی بۆ ئازادکردنەوەی شنگال دەکرێت و رۆژی ١٢ی ١١ ئەم هێرشە فراوانە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی دەستی پێکرد و چۆن بەڵێنی دابوو، بە هەمان شێوە شنگالی ئازاد کرد و بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کرد.

*** پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگال، لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەدا جەنابی سەرۆك چۆن باسی پلانەکەی کرد؟**

- پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شنگال لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبووینەوە، سەرۆك بارزانی تەواوی پلانی سەربازیی ئازادکردنی شنگالی بۆ باسکردین و لێی پرسین، ئێمە بە چەند کات دەتوانین

**ئامادەبوونی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە سەر چیای شەنگال بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو شەڕەکە لە هەموو قۆڵەکانەوە، ئیرادەیەکی گەورەی بە هەموو پێشمەرگەی کوردستان بەخشیبوو**

**هیچ موسڵمانێك لەم جیهانەدا تیرۆریستانی داعش وەك موسڵمان قبووڵ ناکات**

**داعشییەکان دوای داگیرکردنی شنگال ١٦ جار هێرشیان کردە سەر مەزاری شێخ شەرفەدین، بەڵام بە پشتیوانی خوا و بە هیممەتی پێشمەرگە هەموو هێرشەکانیان تێکشکێندراو رێگە نەدرا دەستی چەپەڵی تیرۆریستان بگاتە ئەو مەزارە پیرۆزە**

ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین؟ ئێمە لەوەڵامدا پێمان ڕاگەیاند، تەنیا جەنابت فەرمان بدەیت، پرسی ئازادکردنەوەی شنگال چەند کاتژمێرێکی دەوێت، هەربۆیە کە جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمانی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شنگالی دەرکرد، لە هەموو قۆڵەکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، ناوەند، پێشمەرگە لە چەند کاتژمێرێکدا توانی هەموو قۆڵەکان بە سەرکەوتوویی پاکبکاتەوە و بە تەواوەتی شنگال گەمارۆ بدا و چاوەڕێی فەرمانی چوونە ناو شنگال بێت، ئەم هەڵمەتانەی پێشمەرگە لە هەموو قۆڵەکانەوە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات و هەموو قۆڵەکان یەکیان گرتەوە، بەڵام بۆ چوونە ناو شنگال پەلە نەکرا و هێڵرایەوە بۆ ڕۆژی دواتر، ڕۆژی دواتر پێشمەرگە چووە ناوشنگال و لە کاتێکی کەمدا تەواوی شنگالی کۆنترۆڵ کرد، بۆیە ئەم پرۆسە گەورەیە بە کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

*** تاچەند وردبینی لە پلانەکەی سەرۆک بارزانی هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکەوتوویی و لە ماوەیەکی کورتدا ئەم پلانە گەورەیە جێبەجێ بکات؟**

- بەڕاستی من وەك فەرماندەیەکی سەربازی ناتوانم قسە لەسەر وردبینی و تۆکمەیی ئەو پلانە بکەم کە جەنابی سەرۆك بۆ ئازادکردنی شنگال دایڕشتبوو، لەمەش زیاتر ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی لە سەر چیای شەنگال بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو شەڕەکە لە هەموو قۆڵەکانەوە، ئیرادەیەکی گەورەی بە هەموو پێشمەرگەی کوردستان بەخشیبوو، بڕوا بکەن، ئەوانەی کە مابوونەوە و ڕاستەوخۆ لە شەڕەکە بەشدار نەبوون، هەموویان دڵتەنگ و چاو بە فرمێسك بوون، ئەو پێشمەرگانەشی لە هێرشەکان بەشداربوون، هەموویان بە ورەیەکی پۆڵایین و دڵخۆشییەکی ئەوتۆوە هێرشیان دەبردە سەر داعش وەك ئەوە بوو بچنە سەر داوەت و شایی، بێ گوێدانە بۆمبی چێنرا، هێرشیان دەکرد، زۆر بەداخەوە لەئاکامی ئەم حەماسەیە ٤ پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون و ١٨ پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون، من لێرەدا لە خوا دەپاڕێمەوە شەهیدەکان بە بەهەشت شاد بکات و شیفای بریندارەکان بدات، بەڵام لەم باسکردنە مەبەستم ئەوە بوو، بڵێم ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی لەبەرەکانی شەڕ چ ئیرادە و ورەیەکی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کردبوو.

*** کەواتە ئەو هێزەی ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە پلاندانان و ئازادکردنی شنگال، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە؟ بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت هەندێك لایەنی دیکەش بەشدار بوون و ڕۆڵیان نادیدە دەگیرێت، لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟**

- مەسەلەی ئازادکردنی شنگال، پرۆسەیەك بوو پلانی بۆ دانرابوو، کاتژمێری سفری بۆ دانرابوو، ئەو هێزەی دانرابوو ئەم پلانە لە کاتژمێری سفر جێبەجێ بکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بۆیە ڕاستە هێزی دیکە لە سنووری شنگال بوونی هەبووە، بەڵام ئەو هێزەی ڕاسپێردرابوو ئەو پلانە جێبەجێ بکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، بۆیە تەواوی ئازادکردنی شنگال لە هەموو قۆڵەکانی شەڕەوە لەسەر دەستی پێشمەرگە بووە و هیچ هێزێکی دیکە لە ئازادکردنی شنگال ڕۆڵی نەبووە، بەڵام پاش ئازادکردنی شنگال هەندێك هێز بە ئاڵای حزبەکانیان سوار سەیارەکانیان بوون و هاتوونە ناو شنگال و لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکان خۆیان بەو جۆرە نمایش دەکەن کە ئەوانیش لە پرۆسەی ئازادکردنی شنگال بەشدار بوون، بەڵام ئەمانە هیچی ڕاستی نین و کوردانی ئێزیدی ئەو ڕاستییانە بەچاوی خۆیان دەبینن، ئەگەر بە تەمای ئەو هێزانە بووینایە شنگال ئازاد بکرێت، بڕوا بکەن پێنج ساڵی دیکەش چاوەڕێمان بکردایە شنگال ئازاد نەدەکرا.

*** ئەگەر بێینە سەر پێکهێنانی فەرماندەیی شنگال، ئەم فەرماندەییە تایبەتە بە کوردانی ئێزیدی، چۆن ئەم فەرماندەییە دامەزرا؟ ئایا تاچەند ئەم هێزە دوای ئازادکردنی شنگال دەتوانێت شنگال بپارێزێت؟**

- ئێمە زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین کە فەرمانی کرد فەرماندەیی هێزی شنگال دابمەزرێت، ئەم فەرماندەییە هەتا ئێستا ٧٥٠٠ پێشمەرگەی هەیە، هەموویان بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە و چەك و تەقەمەنی و پێداویستی تەواویان بۆ دابینکراوە، لەمەش زیاتر هەر چەك و ئامێرێکی تازە لەلای هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی بۆ فەرماندەیی شنگالیش دابینکراوە، سەبارەت بە لێهاتوویی و ئیرادەی ئەم هێزەش، دیارە ئێستا بە پشتیوانی خوا و سەرۆك بارزانی لەگەڵ پێشان بەراورد ناکرێت، ئەم هێزە کە لە جوامێرەکانی ئێزیدی پێکهاتووە، کاتێك ڕووبەڕووی داعش بوونەوە، سڵیان لەوە نەکردەوە کە داعش چەك و تەقەمەنیی دوو دەوڵەتی لەبەر دەست بوو، بۆیە لە ئێستا من هەموو ئێزیدیان و تەواو خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە، ئەم هێزە لە توانایدا هەیە شنگال بپارێزێت، هەروەها خەڵکی شنگال دڵنیا دەکەمەوە جارێکی دیکە تیرۆریستانی

**ئەوانەی کە مابوونەوە و ڕاستەوخۆ لە شەڕەکە بەشدار نەبوون، هەموویان دڵتەنگ و چاو بە فرمێسک بوون، ئەو پێشمەرگانەشی لە هێرشەکان بەشداربوون، هەموویان بە ورەیەکی پۆڵایین و دڵخۆشییەکی ئەوتۆوە هێرشیان دەبردە سەر داعش وەک ئەوە بوو بچنە سەر داوەت و شایی**

**ڕاستە هێزی دیکە لە سنووری شنگال بوونی هەبووە، بەڵام ئەو هێزەی ڕاسپێردرابوو ئەو پلانە جێبەجێ بکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان**

**هەر چەک و ئامێرێکی تازە لەلای هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی بۆ فەرماندەیی شنگالیش دابینکراوە**

داعش ناتوانن خۆیان لەگەڵ شنگال تاقی بکەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوەی ئەمجارە بە سەر تیرۆریستانی داعش هات لەسەر دەستی پێشمەرگە و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی، وایکردووە کە جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە شنگال بکەنەوە.

*** ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و شانازییە بۆ کوردستان ئەوەیە، باس لەوە دەکرێت کچانی جوامێری ئێزیدی هاوشانی برا پێشمەرگەکانیان خۆبەخشانە هاتوونە ریزی فەرماندەیی هێزی شنگال، ئایا ئەم خانمە پێشمەرگانە چۆن رێکخراون؟**

- جێگەی شانازییە هەتا ئێستا ١٢٠ خانمی ئێزیدی خۆبەخشانە بوونەتە پێشمەرگە و شان بە شانی براکانیان رێکخراون، ئومێدی ئەوەشمان هەیە خۆبەخشی زیاتری کچان و خانمانی ئێزیدی پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەن، ئێمە زۆر برِوامان بە کچان و خانمانی کوردستان هەیە و دەزانین ئەوانیش هاوشێوەی براکانیان هەمان بووێری و ئیرادەیان هەیە بۆ ئەوەی بەشدار بن لە پاراستنی خاکی کوردستاندا، پەندێکی کوردەواری هەیە دەڵێت: (شێر لە بێشە هاتەدەر، چ نێر بێ، چ مێ)، من لەو باوەڕەدام ئەمە بۆ هەر تاکێکی کوردستان راستە، ئەوجا ئەو تاکە نێر بێت، یان مێ، ئەوەی کە بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە و بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، هیچ جیاوازییەکیان نییە و وەك یەك دەتوانن بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، هیوای ئێمە ئەوەیە خانمانی کوردستان بە هاوشێوەی خانمانی وڵاتانی دیکە زیاتر بەشداری لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی و ئاسایش و پۆلیس بکەن و باشتر رێکبخرێن بۆ ئەوەی هەر تاکێکی کوردستان لە پاراستنی ئەم خاکە پیرۆزە بەشدار بێت.

*** لە رۆژانی ١٢ و ١٣ ی ئەم مانگە کاتێك پرۆسەی ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی بەڕێوەدەچوو، کوردانی ئێزیدی ئەم رۆژەیان وەك جەژن سەیر کرد، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو زۆر دڵخۆش بوون بە ئازادکردنی شنگال، ئایا تا چەند ئێزیدییەکان لەم پرۆسەیەدا ئومێدیان بە سەرۆك بارزانی بوو؟**

- ئەوەی من سەرنجم دابێت، هەستمکردووە ٩٥٪ی ئێزیدییەکان ئەو ئومێدەیان بە سەرۆك بارزانی هەبوو، کە تەنیا لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی دەتوانرێت شنگال ئازاد بکرێت، لەمەش زیاتر هەموو ئێزیدییەك دەزانێت ئەگەر شەخسی سەرۆك بارزانی و پارتی نەبووایە، ئەو ئێزیدییانەشی چووبوونە چیای شنگال، ئەوانیش هەموو دەکەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش و هەموویان کۆمەڵکوژ، یان یەخسیر دەکران. لەسەر پرسی شنگال گەلێك حزب هەن کە من نامەوێت ناویان بهێنم بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیان باس لە شنگال دەکەن، بەڵام ئێزیدییەکان دەزانن ئەو حزبانە ناتوانن بەرگری لە ئێزیدی و شنگال بکەن، بۆیە ئێمە دوای خوا، سوپاسگوزاریی سەرۆك بارزانی دەکەین کە هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئێزیدی بپارێزێت و بەڵێنی دا شنگال ئازاد بکرێت و بەڵێنەکەی خۆیشی جێبەجێ کرد.

*** لە دوای ئازادکردنی شنگال، هەندێك قسەو قسەلۆك هاتە پێش بەوەی کوردانی ئێزیدی وەك تۆڵەسەندنەوە چوونەتە سەرماڵان و هەروەها چوونەتە سەر مزگەوتەکان و تەقاندوویانەتەوە، ئایا تاچەند ئەو دەنگۆیانە راستییان تێدایە؟**

- ئەوەی گرنگە پێش هەموو شت ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە ئێمەی ئێزیدی نە ئەخلاقی نەتەوەییمان نە ئەخلاقی ئایینیمان و نە پەروەردەی حزبایەتیشمان کە پەروەردەی رێبازی بارزانی نەمرین، رێگەمان پێ نادا، سووکایەتی بە نەتەوەیەکی دیکە، یان ئایینێکی دیکە بکەین، ئێوە خۆتان ئێستا لە شنگالن و دەبینین مەسەلەی تەقاندنەوەی مزگەوتەکان راست نین و خۆتان دەتوانن وێنەی مزگەوتەکان بگرن، سەبارەت بە رێزگرتنی قورئانیش، ئێمەی ئێزیدی رێزی قورئان دەگرین لەبەر ئەوەی ناوی خودای تێدایە و ئایینی ئێمە کە کۆنترین ئایینە لە جیهاندا پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە ئێمە خواناسیمان کردووە، بۆیە ئێمە هەم رێزی ئایینی ئیسلام دەگرین و هەم رێزی قورئانیش دەگرین کەلای موسڵمانان پیرۆزە. بۆیە لەم روانگەیەوە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، کۆمەڵێك هۆکار هەن کە رێگە نادەن ئێزیدی بێڕێزی بە کەس بکات، سەبارەت، بە چوونە سەر ماڵانیش، ئەمەشیان بڕوا بکەن راست نییە، لەبەر ئەوەی راستە هەندێك لە ئێزیدییەکان ماڵی خۆیان داگیرکراوە و چوونەوە سەیری ماڵەکانی خۆیانیان کردووە، یان ماڵەکانیان تاڵانکراوە و کەلوپەلی خۆیان لە ماڵەکانی دیکە دۆزیوەتەوە، ئەمەش هەندێك ئێزیدی لەو ئاڵۆزیە تووڕە کرد، بەڵام کۆنترۆڵمان کردوون، تەنانەت رێگەمان نەداوە لەسەر ماڵی خۆیانیش تۆڵە بکەنەوە، لایەنێکی دیکە ئەوە بوو تیرۆریستانی داعش بە مەبەستی درووستکردنی فیتنە هاتبوون لە چەند گوندێك، قورئانی نێو مزگەوتەکانیان فڕێ دابووە دەرەوە، بۆ ئەوەی دوای خۆیان بڵێن ئەمە ئێزیدییەکان کردوویانە، بەڵام نەمانهێشت ئەمەشیان تا سەر بچێ، پێشمەرگەکان هەموو قورئانەکانیان بە رێزەوە کۆکردۆتەوە و پاراستوویانە و دەیبەنەوە ناو مزگەوتەکان و بە رێزەوە لە شوێنی خۆی دایدەنێنەوە. ئێمە بانگهێشتی هەموو لایەك دەکەین و دەتوانن بێن و بە چاوی خۆیان ببینن، کە یەك ئێزیدی نە دەستدرێژی کردۆتە سەر یەك

**جێگەی شانازییە هەتا ئێستا ١٢٠ خانمی ئێزیدی خۆبەخشانە بوونەتە پێشمەرگە و شان بە شانی براکانیان رێکخراون، ئومێدی ئەوەشمان هەیە خۆبەخشی زیاتری کچان و خانمانی ئێزیدی پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەن**

**هەموو ئێزیدییەک دەزانێت ئەگەر شەخسی سەرۆک بارزانی و پارتی نەبوایە، ئەو ئێزیدییانەشی چووبوونە چیای شنگال، ئەوانیش هەموو دەکەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش و هەموویان کۆمەڵکوژ، یان یەخسیر دەکران**

**ئێمەی ئێزیدی نە ئەخلاقی نەتەوەییمان نە ئەخلاقی ئایینیمان و نە پەروەردەی حزبایەتیشمان کە پەروەردەی رێبازی بارزانی نەمرین، رێگەمان پێ نادا، سووکایەتی بە نەتەوەیەکی دیکە، یان ئایینێکی دیکە بکەین**

تیرۆریستانی داعش بە مەبەستی درووستکردنی فیتنە هاتبوون لە چەند گوندێک، قورئانی نێو مزگەوتەکانیان فڕێ دابووە دەرەوە، بۆ ئەوەی دواى خۆیان بڵێن ئەمە ئێزیدییەکان کردوویانە، بەڵام نەمانهێشت ئەمەشیان تا سەر بچێ، پێشمەرگەکان هەموو قورئانەکانیان بە ڕێزەوە کۆکردۆتەوە و پاراستوویانە و دەیبەنەوە ناو مزگەوتەکان و بە ڕێزەوە لە شوێنی خۆی دایدەنێنەوە

مزگەوت و نە سووکایەتی بە قورئان کردووە، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئێمە گەلێکین پێش هەموو گەلانی ئەم زەمینە خواپەرستیمان کردووە و خوامان ناسیوە، بۆیە هەموو ئایینەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکەین و شوێنکەوتووانی هەموو ئایینەکانیش بە برای خۆمان دەزانین.

*** ئەگەر باس لە ئایندەی شنگال بکەین، لەبەر ئەوەی وەك دەزانن، شنگال یەکێکە لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، ڕاشکاوانەتر تائێستا شنگال قەزایەکە سەر بە پارێزگای نەینەوا-یە، ئایا ئایندەی شنگال و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- پێش هەموو شت دوای ڕووخانی ڕێژمی سەدام حوسێن و نووسینەوەی دەستووری عێراق، ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دیاریکرا بۆ ئەوەی کێشەی شنگال و ناوچەکانی دیکە هەتا ساڵی ٢٠٠٧ چارەسەر بکات و بە ڕێگەی ڕاپرسی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دیارە ئەم ماددەیە لەکاتی خۆی جێبەجێ نەکرا، لە دوای داگیرکردنی شنگالیش حکومەتی ناوەندیی عێراق بە هیچ جۆرێك شنگالی وەك بەشێك لە عێراق سەیر نەکردووە، ئەو کارەساتە گەورەیە بە سەر شنگال هات، نەك هەر یارمەتیدەر نەبووە بۆ ئازادکردنەوەی شنگال، بەڵکو تەنیا یەك دیناریش هاوکاری نەکردووە، بۆیە شەرمەزارییە بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق دوای ئازادکردنەوەی شنگال، باس لەوە بکات شنگال قەزایەکە سەر بەنەینەوا، یان سەر بە حکومەتی ناوەندی، ئەوەی بە تەنگ شنگال هاتوو لەو کارەساتە فریای کەوت و پاشان شنگالی ئازاد کرد، هیمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە شنگال بەشێکە لە کوردستان و لێی جیانابێتەوە و هیچ هێزێکیش ناتوانێت جارێکی دیکە شنگال لە کوردستان دابڕێت. بۆیە پرسی ئایندەی شنگال وەك بەشێك لە کوردستان ئەم پرسە کۆتایی هاتووە، ئێستا خەڵکی شنگال داواکاری هەیە و داواکاریی خۆشی ئاراستەی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەیەوێت شنگال ببێتە پارێزگایەك لەناو هەرێمی کوردستاندا.

*** بەڵام پێشتر هەندێك لایەنی سیاسی بە ناوی دیکە دەیانویست شنگال لە کوردستان دابڕن و ئەوانیش باسی کانتۆن-یان دەکرد، ئایا سەبارەت بە قسەو باسی بە کانتۆنکردنی شنگال چی دەڵێن؟**

- ئەوەی باسی دروستکردنی کانتۆن دەکات، با بگەڕێتەوە و بچێت ئەو بەشەی کوردستان ئازاد بکات و لەوێ کانتۆن دروست بکات، پاشان ئێمە هەموومان دەزانین باسکردنی مەسەلەی کانتۆنی شنگال پیلانی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستانە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان تێکبدەن، بۆیە لێرە دووبارەی دەکەمەوە، شنگالییەکان خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی شنگال دەدەن و کەس بۆی نییە ئیرادەی خۆی بە سەر ئیرادەی شنگالییەکاندا فەرز بکات. ئێمەی ئێزیدی هەتا ئێستا ٧٤ جار هەڵیانکوتاوەتە سەرمان بۆ ئەوەی داگیرکەران ئیرادەی خۆیان لەسەر میللەتی ئێزیدی فەرز بکەن، ئەو ٧٤ جارە قبووڵمان نەکردووە، بۆیە ئەگەر لایەنێك بیەوێت ئیرادەی خۆی بەسەر ئێمەدا فەرز بکات، ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ ٧٥ هەمین جار دژی ئەو خۆسەپاندن و خۆ فەزرکردنە ڕابوەستینەوە.

*** ئەگەر باس لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال بکەین، دیارە وەك دەبینین شنگال کاول بووە، ئایا چۆن ئەم شارە ئاوەدان دەکرێتەوە و تاچەند بەرنامەتان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە هەیە؟**

هەمووومان دەزانین باسکردنی مەسەلەی کانتۆنی شنگال پیلانی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستانە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان تێکبدەن



- ئێمە بۆ ئازادكرنەوەی شنگال، دوای خوا پشتمان بە سەرۆك بارزانی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەستبوو، دیارە بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگالیش دیسان دوای خوا، سەرۆك بارزانی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پشت و پەنا دەزانین، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە داوا لە هەموو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە خێرخوازەكانی جیهان دەكەین هاوكاریی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن بۆ ئەوەی بتوانن شنگال جوانتر ئاوەدان بكرێتەوە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بكەم، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەر لە ئازادكرنی چیای شنگالەوە ئاوەدانكردنەوەی شنگالی بە ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستان زانیوە، دوای ئازادكردنی شنگالیش هەمان شتی دووبارە كردەوە، بۆیە دڵنیاین ئەو ئیمكانیاتەی لە بەردەستی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەبێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگال دریغی ناكەن.

*** لە ئێستادا كە وەرزی زستان دەست پێدەكات، خەڵكێكی زۆری شنگالی ئاوارەن و لە كەمپەكانی هەرێمی كوردستان نیشتەجێن، دیارە لە كەمپەكانیشدا باردۆخیان زۆر باش نییە، ئایا بیرتان لەوە كردۆتەوە ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- لێرەوە من هەموو خەڵكی شنگال و بەتایبەتی ئەوانەی لە كەمپەكانی هەرێمی كوردستانن، دڵنیا دەكەمەوە شنگال ئازادكراوە و بەهیچ جۆرێك مەترسیی تیرۆریستانی داعشی لەسەر نەماوە و داعش زۆر لە شنگال دوور خراوەتەوە، بۆیە من داوایان لێ دەكەم كە دوای ئەوەی سوپاسی خەڵكی كوردستان دەكەین كە لە ماوەی ١٥ مانگی ڕابردوو ئەو خەڵكە زۆر جوامێرانە بە فریای كوردانی ئێزیدی كەوتن، ئێستا كاتی ئەوەیە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ماڵ و حاڵی خۆیان هەر چۆنێك بێت لە ژیانی ژێر چادر باشترە، ئێستا لە شنگال خەریكە كێشەی ئاو و كارەبا چارەسەر دەكرێت، بۆیە گرنگە هەموو ئەو خەڵكە بگەڕێنەوە و پێكەوە شارەكەمان ئاوەدان بكەینەوە، پێكەوە بەرگری لێبكەین و بیپارێزین.

*** وەك فەرماندەی فەرماندەیی شنگال لە كۆتایی ئەم دیمانەیەدا چ پەیامێكتان هەیە؟**

- دواقسە و پەیڤی من ئەوەیە، ئێمە هەموو كوردانی ئێزیدی سوپاسگوزاری سەرۆك بارزانی و حكومەتی هەرێمی كوردستانین، دڵنیاین جەنابی سەرۆك چۆن خەمی سەرەكیی ئەوە بوو شنگال ئازاد بكرێتەوە، لە ئەمڕۆ بەدواوە هەمان خەمی دەبێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگال، ئێمە هەرگیز ئەم ڕۆڵەی سەرۆك بارزانی لەبیر ناكەین و هەمووومان سەرباز و پێشمەرگەی سەرۆك بارزانی دەبین. هەروەها من سوپاستان دەكەم كە وەك گۆڤاری گوڵان لە هەولێرەوە هاتوون بۆ شنگال هەتا ڕووماڵی ڕاستییەكان بكەن.

**دڵنیاین جەنابی سەرۆك چۆن خەمی سەرەكیی ئەوە بوو شنگال ئازاد بكرێتەوە، لە ئەمڕۆ بەدواوە هەمان خەمی دەبێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی شنگال، ئێمە هەرگیز ئەم ڕۆڵەی سەرۆك بارزانی لەبیر ناكەین و هەمووومان سەرباز و پێشمەرگەی سەرۆك بارزانی دەبین**

**شنگالییەكان خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی شنگال دەدەن و كەس بۆی نییە ئیرادەی خۆی بە سەر ئیرادەی شنگالییەكاندا فەرز بكات**





**دۆڤ واکسمان** بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی بۆستن بۆ گوڵان:

# شیعەکان عێراقیان کردۆتە دەوڵەتێکی فاشیل و مالیکی هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی داعش بووە

**دۆڤ واکسمان پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە و یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئاشتی و کەلتوور و پەرەپێدان لە زانکۆی نۆرس ئیسترن لە بۆستن، ئەو بوارانەی توێژینەوەیان تێدا ئەنجام دەدات، بریتین لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناکۆکیی عەرەب و ئیسڕائیل، کۆمەڵگە و سیاسەتی ئیسڕائیلی، سیاسەتی جوولەکە، سیاسەتی تاراوگە و ناسیۆنالیزم و ناکۆکیی ئیتنی، تیرۆریزم و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. گوڵان بۆ ئاشنابوون بە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی لە بارەی پرسی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش و ململانێی ناوچەییەکان و پێویستی هاوکاریکردنی کورد لەم دۆخە سەختەدا، دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** حاڵی حازر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەدایە، سیستمی دەوڵەتی لەم ناوچەیەدا داڕووخاوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو فاکتەرە سەرەکییانە چین کە وایانکردووە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیەی لێبێت کە هەیە؟**

- گرنگترین هۆکارەکان کە بتوانین ئاماژەیان پێبکەین، بریتین لە قەیرانەکانی سووریا و عێراق، هەرچەندە فاکتەر و داینامیکیەتی بارودۆخی ئەم دوو وڵاتە جیاوازن، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە بوونەتە یەك قەیرانی گەورە و سەرچاوەی سەرەکیی ناسەقامگیری و شەڕوئاژاوە لە عێراق و لە هەمان کاتدا شەڕی ناوخۆیی و شۆڕش لە سووریا بووەتە شەڕی بە وەکالەت کە هەموو ناوچەکە و ڕووسیا و ئەمەریکای تێوە گلاندووە، ئەمانیش پاڵپشتی لایەنێکی دیاریکراو دەکەن و لە ئەنجامیشدا هاوپەیمانییەکی زۆر دژبەیەك و ئاڵۆزی دروستکردووە، کە وایکردووە هەندێك دەوڵەت لە هەندێك ڕووەوە هاوپەیمان بن و هەندێك گرووپیش لە هەندێك رووی ترەوە لە شەڕدا بن. پرسی کورد یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکان، بۆ نموونە دوای شکستهێنانی ئەمەریکا لە هەوڵەکانیدا بۆ برەودان بە لایەنە شۆڕشگێڕە وەکیلەکانی لە سووریادا، لە ئێستادا ئەوەی قبووڵ کردووە کە شەڕکەرانی کورد کاریگەرترین هێزن دژی داعشن لەلایەك و پاشان دەبێت لەگەڵ هاوپەیمانەکەی کە تورکیایە هەروەها لەگەڵ هێزە کوردییەکان لەناو سووریادا مامەڵە بکات، بۆیە لێرەدا دژوارییەك هەیە کە وایکردووە زۆر قورس بێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی ڕێکوپێك پیادەکات و تەنیا دژواری و ئاڵۆزییەکانی لە هاوپەیمانییەکاندا لە سەر زەمین زیاد کردووە، بۆیە پێموایە شتێکی باش دەبێت کە بە لانی کەمەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیا و ئێران و تورکیا هەوڵبدەن گفتوگۆ بکەن بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی سیاسی، بەڵام هێشتا ئەمە لە ئێستادا زۆر دوورە و ڕوون نییە ئەو هێزانەی لەسەر زەمین هەن، بێجگە لەوەی کە ئاماژەم پێکردن، بەو هێزە دەرەکییانە ڕێکبخرێن.

*** هەندێك لە توێژەران پێیانوایە کە ئەمە تەنیا ململانێی دەرەکی نییە، بەڵکو ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی و کێبڕکێی توندە لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا بۆ بەدەستهێنانی نفوز و هەژموونی زیاتر. بۆیە لەجیاتی هاوکاریکردن بۆ چارەسەری قەیرانەکان، ئەم وڵاتانە تەنیا ئیدارەی قەیرانەکان دەدەن و نایانەوێت و ناتوانن بەسەر تەنگژەکانی نێوانیاندا زاڵبن، لە کاتێکدا قەیرانەکان پێویستیان بە چارەسەرێکی درێژ هەیە، ئایا ئەمە هەڵسەنگاندنێکی دروستە؟**

- بەڵی وایە، هەموو وڵاتەکانی ناوچەکە، تورکیا و ئێران و سعودیە و ئەوانی تر وەك وڵاتانی کەنداو، ئیمارات و قەتەر، هەموویان بە شێوەیەك دەستیانوەرداوەتە سووریا و عێراق کە بارودۆخەکەیان خراپتر کردووە. بۆ نموونە هەوڵەکانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی و ئەمەریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی کە چەندەها کەسی لە سووریا کردە قوربانی و ملیۆنەها خەڵکیشی لەماڵ و حاڵی خۆیان هەم لەناوخۆ و هەم لە دەرەوەدا ئاوارە و دەربەدەرکرد، ئەمەش مایەی کارەساتێکە بۆ ناوچەکە. لەلایەکی ترەوە ئێران پاڵپشتی ڕژێمەکەی ئەسەد و هاوپەیمانانی لە لوبنان و شوێنانی دیکە دەکات، ئەمەش بووەتە سەرچاوەی ناسەقامگیری، لە ڕاستیدا ئەمە شەڕی ناوخۆییە بەوەکالەت. هەل و مەرجێکی هاوشێوە لە یەمەنیش ڕوودەدات، کە ئەویش شەڕی ناوخۆی بەوەکالەتە بەوەی کە ئێران پاڵپشتی هاوپەیمانە ناوخۆییەکانی دەکات و سعودیە بەپاڵپشتی ئەمەریکا و هەروەها دەوڵەتانی تری کەنداو بەشداری سەربازییان کرد بە شێوەیەك کە کاولکارییەکی زۆریان لێکەوتۆتەوە لە یەمەندا کە هەزاران خەڵکی سڤیل کوژران. بۆیە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا وڵاتان شوێن بەرژەوەندیی خۆیان کەوتوون بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا لەسەر حیسابی قوربانی زۆری خەڵکە لە ناوچەکەدا و کارەساتێکی دروست کردووە کە بۆ چەندین دەیەی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

*** سەرەڕای ئەم وڵاتانە، چەندین ئەکتەری نادەوڵەتی هەن کە دەتوانن بارودۆخەکە لەبەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن بە هۆی نەبوونی، یان بێتوانایی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، پێتوا نییە سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە کاردانەوەی ئەم ڕاستییانە لەسەر ئەرزی واقیع بێت؟**

- سەرهەڵدانی شەڕی تایفەگەری و لاوازی و هەڵوەشانی عێراق و سووریا، هەردووکیان دوو گۆڕانکاری مەترسیدارن و دەستێوەردانە دەرەکییەکانیش لە زۆر ڕووەوە ئەم دۆخەی خراپتر کردووە، ئەمە لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەن چارەسەری بکەن، یان کەمی بکەنەوە، هەروەها سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی کە توانیویەتی چەندین ناوچەی گرنگ لە عێراق و سووریا بگرێت و ببێتە گرفت لە بەردەم شەرعییەت و یەکگرتوویی هەردوو دەوڵەتدا، بە هەمان شێوە ئۆپەراسیۆنەکانی فراوانکردووە بۆ وڵاتانی دیکە و ئێستا گرووپ هەن لایەنگری داعشن لە میسر و نایجیریا و ئەفغانستان، ئەمانەش گۆڕانکاری باش نین، بۆیە ئەو سیستەمی

**شەڕی ناوخۆی و شۆڕش لە سووریا بووەتە شەڕی بە وەکالەت کە هەموو ناوچەکە و ڕووسیا و ئەمەریکای تێوە گلاندووە، ئەمانیش پاڵپشتی لایەنێکی دیاریکراو دەکەن و لە ئەنجامیشدا هاوپەیمانییەکی زۆر دژبەیەک و ئاڵۆزی دروستکردووە**

دەوڵەتییەی کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە بۆ ماوەی سەد ساڵە دانراوە بەلانی کەمەوە لەناوچەکەدا هەڵوەشاوەتەوە و رون نییە چی جێی دەگرێتەوە. زۆر گرووپ هەن دەرفەتیان بۆ رەخساوە، بۆ نموونە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییەکی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا تورکیا هەڵمەتێکی ناوچەیی دەستپێکردووە دژی کورد لەناو تورکیا و سووریادا کە شتەکانی زیاتر ئاڵۆز کردووە، بۆیە کاتێکی زۆر مەترسیدارە بۆ ناوچەکە و روون نییە چ رۆڵێك لەمەوە دروست دەبێت، هەرچەندە لە زۆر رووەوە دەوڵەتی عێراق و سووریا زۆردار بوون لە رووی دیموکراسی و مافی کەمینەکانەوە، بەڵام روون نییە ئەوەی لەم بارودۆخەوە سەرهەڵدەدات، بەهیچ شێوەیەك باشتر بێت و لەوانەیە لەزۆر رووەوە خراپتر بێت.

*** پێشبینیکردنی داهاتوو زۆر قورسە بۆ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە ئەگەر نەتوانین پێشبینی بکەین و بەر بە هەڕەشە و رووداوە مەترسیدارەکان بگرین، ئەوا داهاتووی ناوچەکە چۆن دەبێت؟ ئایا پێویست نییە جۆرێك لەخۆ ئامادەکردن هەبێت، پێش ئەوەی کارەساتەکان روویدەن؟**

- پێموایە مەحاڵە پێشبینی شتە خراپەکان بکەین کە روودەدەن، باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی لە ناوچەکەدا و هەروەها لە دەرەوی ناوچەکەشدا تا رادەیەك سەقامگیرن وەك ئێران و تورکیا و سعودیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا و ئەوانی تر پێویستە پێکەوە کۆببنەوە و هەوڵبدەن چارەسەرێکی سیاسی دابنێن بۆ شەڕی ناوخۆی سووریا کە هیچ چارەسەرێکی سەربازی نابێتەهۆی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، ئەوە لەوانەیە بە لانی کەمەوە هەندێك ئارامی بهێنێتە ئاراوە، لە عێراقیشدا بەلانی کەمەوە دەتواندرێت دەوڵەتی عێراق و کورد پێکەوە کاربکەن و بەسەر ململانێ تایفەییەکانیاندا زاڵبن و رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ جێکردنەوی سوننەکان و پێوەندییەکی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بکەن. من ناڵێم ئەمە رودەدات لەبەر ئەوەی زۆر شت لە دژیان وەستاوەتەوە، بەڵام هێشتا پێویستیان بە کاری هاوبەشە بۆ چارسەرکردنی پرسی دەوڵەتی ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کاریگەر. لەحاڵەتی سووریادا خەڵك دەچەوسێندرێتەوە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە کێ جێی رژێمی ئەسەد دەگرێتەوە کە وەڵامی داواکارییەکانی دانیشتووە سوننەکانی وڵات و بەرهەڵستکارەکانی دیکەی رژێمی ئەسەد بداتەوە و هەروەها ئەندازەیەك لە ئۆتۆنۆمی بدات بە کوردی سووریا. هەموو ئەم پرسانە پێوەندیان بە یەکەوە هەیە و وایکردووە زۆر قورس بێت چارەسەر بکرێن، هەروەها پرسی کورد لە تورکیاش پێوەندی بەمەوە هەیە، بۆیە بەلانی کەمەوە بۆ داهاتوویەکی نزیك پێشبینی هەڵوەشانی زیاتر و شەڕی زیاتر و ناسەقامگیری زیاتر دەکەم. لێرەشەوە پێش ئەوەی ئەم شتانە باش بنەوە، شەپۆلێکی دیکە لە کوشتار و ئاوارەیی و کارەساتی مرۆیی بەدوای خۆیدا دێنێت.

*** پێتوایە بتواندرێت چیتر یەکگرتوویی خاکی عێراق بپارێزرێت؟ ئایا کارێکی ناواقیعییە کە بهێڵدرێتەوە پێکەوە لەبەر ئەوەی لە رووی پراکتیکییەوە زۆر ناکارایە؟**

- بە دڵنیایەوە عێراق دەوڵەتێکی فاشیلە و رژێمە شیعەکەی سەلماندی کە ناتوانێت پێویستییە سەرەکییەکانی کەمینە سوننەکانی دابین بکات و هەروەها نەیتوانیوە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین عێراق بە واقیعی دابەش بووە و ناتوانێت ناوچە نیشتمانییەکانی لە داعش بپارێزێت، بۆیە دووبارە و لە زۆر رووەوە شتەکان بەرەو خراپی دەچن و هەڵوەشاندنی واقیعی و رەسمی عێراق دەرگا بە رووی داهاتوویەکی باشدا ناکاتەوە و بەمانای بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان دێت و تەنانەت لە گۆشەنیگای دەوڵەتی ئێرانیشەوە کە بۆتە پاڵپشتی سەرەکیی حکومەتی بەغدا، ئەمە بارودۆخێکی زۆر مەترسیدارە و پێویستی بەچارەسەرە، ئەمەش بە رێگەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و بە دڵنیایەوە پێویستە هەڵمەتی سەربازی لە دژی داعش هەبێت، بەڵام ئەمە تەنها بەو شێوەیە سەردەگرێت کە دەوڵەتی عێراق شتێك بدات بە کەمینە سوننەکانی، ئەمەش واتە گۆڕانی سیاسی و پێشبینی ناکەم و ناشزانم ئەمە روو دەدات، بەڵام ئەگەر ئەمە روو نەدات، شتەکان لە زۆر رووەوە بەرەو خراپتر دەچن و دابەشبوونە دیفاکتۆکەی عێراق و دەستبەسەرداگرتنی داعش بۆ ناوچەکانی عێراق، ناسەقامگیری زیاتر دروست دەکات.

*** هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی بەر بە داعش بگرێت و تەنیا هێزە لە سەرزەمین لەجیاتی جیهانی ئازاد دەتوانێت شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا بکات، بۆیە تاچ رادەیەك پێتوایە ئەم هێزە شایەنی پاڵپشتی نێودەوڵەتییە و دەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش چەکی قورس و یارمەتی لۆجیستی بۆ دابین بکرێت؟**

- بەدڵنیایەوە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان لە سووریا کاریگەرترین شەڕکەر بوون لەسەر زەمین لە دژی داعش، هەم لە رووی بەرگری و هەم لە رووی گەڕاندەوەی ناوچە سەرەکییەکانیان، بۆیە

**ئەو سیستەمی دەوڵەتییەی کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە بۆ ماوەی سەد ساڵە دانراوە بەلانی کەمەوە لەناوچەکەدا هەڵوەشاوەتەوە و رون نییە چی جێی دەگرێتەوە**

**عێراق دەوڵەتێکی فاشیلە و رژێمە شیعەکەی سەلماندی کە ناتوانێت پێویستییە سەرەکییەکانی کەمینە سوننەکانی دابین بکات و هەروەها نەیتوانیوە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت**

پێویستە پاڵپشتی زیاتریان بکرێت. دووبارە بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پرۆژەکەی ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە ناو شۆڕشگێڕە سوننەکان شکستیهێنا، ئەوا هێزە کوردییەکان تەنیا ئەلتەرناتیڤن و بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە پاڵپشتییە، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە، واتە شتێکی واقیعی نییە پێشبینی بکەین تەنیا کوردی عێراق و سووریا داعش تێکبشکێنن، لە بەر ئەوەی پێویستییان بە هاوپەیمانی گەورەتر هەیە لە نێو وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی ئەم هەڕەشەیە، بۆیە کورد پێویستە بەشێك بن لەمە، بەدڵنیاییشەوە ئەمە واتە لەبەرچاوگرتنی جددییەتی هیواکانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە سووریا، هەروەها لە تورکیاش، بۆیە مەحاڵە هەوڵی سەرکەوتوو بدرێت کاتێك حکومەتی ئەردۆغان هێرشەکانی نوێکردەوە لە دژی کوردی تورکیا و پەلاماری هێزە دیموکراتە کوردەکانی لە تورکیادا دا، بۆیە هەرچارەسەرێك پێویستی بەوەیە کە پرسی کورد بە شێوەیەکی جددی چارەسەر بکرێت لە هەرسێ وڵاتی عێراق و سووریا و تورکیادا، هەروەها فراوانکردنی هاوپەیمانییەکان و شۆڕشی دیموکراسی و هەموو پرسەکانی تر، زۆر هێزی تر هەن هەرچەندە حەزیان بە داعش نییە، بەڵام حەزیشیان بە ڕێگەی دیموکراسی نییە بۆ چارەسەر، سعودیە بەرژەوەندیی تایبەتی هەیە لەمەدا کە یارمەتی دارایی جیهادییەکان دەدات و بەپاڵپشتی ئەمەریکا شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دەکات، بارودۆخەکە ئاڵۆز و تێکەڵ بووە کە پێویستی بە سیاسەتی زۆر ژیرانە هەیە کە هەوڵبدەن بەو شێوەیە نەبێت.

*** لە سەرەتای ٢٠١٤دا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا هەبوو، لە ئەنجامیشدا بەغدا بەشە بودجەی کوردستانی بڕی، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبوایە نەوتی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی مووچە بۆ فەرمانبەرانی دابین بکات، لەلایەکی ترەوە پاش سەرهەڵدانی داعش و ڕووخانی سوپای عێراق، نزیکەی ملیۆن و نیوێك ئاوارە ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان، ئەمە سەرەڕای کێشەکانی تریش، بۆیە سەرۆك بارزانی ویستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات، تا چ رادەیەك لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە مۆدێلێك بۆ دیموکراسی و سەقامگیری و پێکەوەژیان و بەرەنگاریی تیرۆریستان؟**

- بە تەواوی لە هیواکانی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان دەگەم، جێگەی تێگەیشتنە بۆ هەستی ناسنامەی نیشتمانییان و خەباتی درێژیان بۆ سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، هەروەها پێشموایە ئەوە ڕاستە کە ئەمە شتەکان ئاڵۆزتر دەکات و واشنتۆن و دەوڵەتانی دیکە زۆر دوودڵن لەم بارەیەوە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە بەغدا کۆنترۆڵی تەواوی نییە بە سەر زۆر بەشی عێراقدا لە ناویشیاندا هەرێمی کوردستان و زۆر ناوچەی تر و بە دیفاکتۆ هەرێمی کوردستان سەربەخۆیە، بەڵام بە ڕەسمی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ ڕووبەڕووی دژایەتیکردن دەبێتەوە لەلایەن تورکیاوە و بەرژەوەندیی بەهێزی سیاسی و ئابووری هەیە لە هەرێمی کوردستان و هەروەها ناڕازییە بە داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن کوردی سووریا و هەروەها کێشەی کوردی خۆی، ئەمەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات. پێشموایە ئەمە بۆ  زۆر وڵاتی دیکەش ڕاستە، بۆیە ئەمە شتێکە کە سەرکردایەتی کورد پێویستە زۆر بە باشی بیری لێ بکەنەوە. چونکە ئەم هەنگاوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و تەنانەت پێوەندییەکانیان لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکان و تورکیا و وڵاتانی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات، بەدڵنیاییەوە بارودۆخی کوردستان باشترە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە ئاڵۆزە، بۆیە چەندین پرسیار هەن کە چۆن ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کاردەکاتە سەریان. دووبارە ناوچەکە زۆر پێویستی بە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری هەموو ئەم پرسانە، بۆ چارەسەری هیواکانی کورد بۆ سەربەخۆیی و بۆ یەکگرتوویی لە سەرتاسەری کوردستان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەمە ساتێکی قورسە و هەمووان دەبێت زۆر بە وریایی و ستراتیژییەوە بیربکەنەوە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی خۆیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك بدەن.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی کورد لەسەر ئەم بارودۆخە چییە ؟**

- هیوادارم ولایەتە یەکگرتووەکان لەو ڕۆڵە گرنگە تێبگەن کە هێزە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سووریا دەیگێڕن لە شەڕکردن لەگەڵ داعشدا و ڕێزی ئەمە بگرن و هەوڵبدەن شێوازێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن دەتوانن بەرژەوەندی و هیواکانی کورد بەیەك بگەیەنن لە هەرشوێنێك بن، هەروەها ئامانجە فراوانەکانی تری کۆتاییهێنان بەم شەڕە کارەساتبارە لەبەر ئەوەی زیان بە کورد و عەرەب و هەمووان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا دەگەیەنێت، بۆیە دەبێت ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرێکی سیاسی کە مافە دیموکراسییەکان و هیوا نیشتمانییەکان لەبەرچاو بگرێت.

**هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان لە سووریا کاریگەرترین شەڕکەر بوون لەسەر زەمین لە دژی داعش، هەم لە ڕووی بەرگری و هەم لە ڕووی گەڕاندەوەی ناوچە سەرەکییەکانیان، بۆیە پێویستە پاڵپشتی زیاتریان بکرێت**



# دەوڵەتی عێراق بووەتە ئامرازێک بۆ خزمەتی حەشدی شەعبی و مەزهەبی شیعە



میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر چەند ناوچەیەکی عێراقدا سەپاندووە، هەروەها مەترسییەکی راستەقینەن بۆ سەر ئێستا و ئایندەی وڵات، لەلایەکی دیکەوە دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری لای سەرانی عێراق سەر بە ویلایەتی فەقیهە لە ئێران، واتا ئیدارەی حوکمڕانیی عێراق ئیدارەیەکی مەزهەبی و تایفەگەرییە، نەك نیشتمانی و هیچ باکیشی بە فرەیی و فیدراڵی و دیموکراسیی نییە، بۆیە کاتێ دەوڵەت لە خزمەتگوزاریی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییەوە بۆ خزمەتگوزاریی تاقمێك، یان تایفەیەکی دیاریکرا دەگۆڕێت، ئەو کاتە شەرعییەتی یاسایی و دەستووریی خۆی لەدەست دەدات، لە بەر ئەوە زۆر کەس دەپرسن: ئایا ئیمپراتۆریەتی شیعی دێتەئاراوە؟

**• مەترسییەکانی حەشد و کاریگەریەکانی بەرەو کوێ؟**

عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق یەکەم کەس بوو کە هۆشداری دا بە مەترسیی حەشدی شەعبی و دەستدرێژییەکانی تۆڵەسەندنەوەیان، کاتێ کە داوای کرد ئەم حەشدە بۆ بەرژەوەندیی سەرانی شیعە بەکارنەهێندرێت، چونکە چاك لە مەترسییەکانی حەشدی شەعبی تێدەگەیشت، زۆربەی چاودێرانیش رایان وایە کە مانەوەی بەرپرس و فەرماندەکانی حەشد وەك سەرۆکی کەتائیبی ئەهلی حەق و رێکخراوی بەدر و...تاد، رێگە بۆ شەڕی تۆڵەسەندنەوە خۆش دەکات کە دواتر دەبێتە هۆی زیادکردنی منداڵانی بێ باوك و بێوەژنان، لە بەرامبەریشدا بەرپرسانێکی زۆر بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان سوودی لێ دەبینن، ئەوەش زیاتر سۆز و ئینتیمایان بۆ ئێران زیاد دەکات کە هەمیشە هەوڵ دەدات دەسەڵاتێکی بە تەواوی شیعی لە عێراق و ناوچەکە دابمەزرێنێت، بەتایبەتیش لەو دەوڵەتانەی کە شیعە تێیاندا باڵادەستە وەك لوبنان و بەحرەین و بەشێکی سووریا.

هەر لەو بارەیەوە سەلام ئەمین، کە یەکێکە لە شرۆڤەکارو ناودارانی سیاسی لە ئەنبار بە گوڵانی گوت: «حەشدی شەعبی کۆکەرەوەی هەموو میلیشیاکانە، کە پێشتر یاساغ بوون شەریکەن و چەك هەڵبگرن، بەڵام لە ئێستادا حکومەت دەیانخاتە نێو پێکهاتەکانی سوپاوە، بێ ئەوەی چاو بە تێڕوانینی ئایینیاندا بخشێنێتەوە کە بەرامبەر ئایینزاکانی دیکە زۆر پەرگیر و توندڕەون.

**• دەوڵەت خراوەتە خزمەتی مەزهەبی شیعە و ئێران**

عەبدولئەمیر مەجر لە بەغدا بە گوڵانی راگەیاند: «دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی بە سەر بڵاوبوونەوەی تایفەگەریدا نەماوە، بەڵکو لەسەر رێچکە و رێباز و سیاسەتی ئێران دەڕوات وەك هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی شیعی، بەڵام لە واقیعدا دەبینین کە زۆربەی لێدوانەکان بە پێچەوانەی ئەمەوەیە. عێراق وڵاتێکە لە رووی ئایدیۆلۆژیاوە دابەش بووە و ئەو راگەیاندنە چەواشەکارییە هیچ سوودێکی نییە، دابەشبوونە گەورەکە بۆ شیعە و خزمەتی ئەوانە، ئەمەش پیلانێکی ئێرانییە، بۆیە زۆربەی حزب و پێکهاتەکانی لیبراڵ و چەپ لەوە دەترسن کە عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان، لە دە ساڵی داهاتوودا بە ئاشکرا ببێتە دەوڵەتێکی شیعی، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە لە واقیعدا بەرچاودەکەوێت لە سیاسەتی جیاجیای سەرانی شیعە و ئەو میلیشیایانەی دەسەڵاتیان بەسەر عێراقدا هەیە.

**• پاڵپشتیی ئێران بۆ میلیشیاکان بە نەرێنی بۆی دەگەڕێتەوە**

ژەنەراڵ دیمبسی سەرۆکی دەستەی سوپاسالاری ئەمریکا دەڵێت: «پاڵپشتیی ئێران بۆ میلیشیا تایفەگەرەکان لە داهاتوودا بە نەرێنی بە سەریدا دەشکێتەوە، هەروەك چۆن لە کەنداو و سووریا و یەمەن و لیبیا هەر بەم شێوەیە بوو. ئەمە یارییەکی ئاگرین و مەترسیدارە و هەر کەسێ لێی نزیك ببێتەوە، پەنجەی دەسووتێنێت.» گوتیشی: «ئەو میلیشیایانەی لەلایەن کەنداوەوە لە سووریا پاڵپشتی دەکران، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و لە سێ ساڵی یەکەمی قەیرانەکە ناوبانگیان بڵاوبوەوە، بەڵام ئەوانە ئێستا لە کوێن؟ کوا سوپای ئازاد؟ کوا ئیئتیلافەکە و ئەنجومەنی نیشتمانی؟؟»

ژەنەراڵ دیمبسی جەختی لەوە کردەوە کە مەترسیی راستەقینە بۆ سەر عێراق لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە هاتووە کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا حکومەتی عێراق بە تەواوی ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

**• دەوڵەتی عێراق لە خزمەتی شیعەدایە و ترسیش لە ئیمپراتۆریەتی تازە لە ئارادایە**

ماددەی (٣)ی دەستووری عێراق بە دەق دەڵێت: «عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و ئایین و ئایینزایە.» بەڵام ماددەی (٩)-ب دەڵێت: «پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارەکاندا قەدەغەیە، هەروەها دوو ماددە و چەند بڕگەیەکی دیکە لە دەستوور هەن بە دەق ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایین و زمانە، بەڵام ئەوەی ئێستا حوکمڕانیی عێراق دەکات، تەنیا پەیڕەویی تایفەگەری دەکات، ئەوەش رێگە خۆش دەکات بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی شیعی».

حوسنی سابیر چاودێری سیاسی کە لە دەرەوەی عێراق

**عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە لە عێراق یەکەم کەس بوو کە هۆشداریدا بە مەترسیی حەشدی شەعبی و دەستدرێژییەکانی تۆڵەسەندنەوەیان، کاتێ کە داوای کرد ئەم حەشدە بۆ بەرژەوەندیی سەرانی شیعە بەکارنەهێندرێت**

**سەلام ئەمین شرۆڤەکاری سیاسی: حەشدی شەعبی کۆکەرەوەی هەموو میلیشیاکانە، کە پێشتر یاساغ بوون شەریکەن و چەك هەڵبگرن، بەڵام لە ئێستادا حکومەت دەیانخاتە نێو پێکهاتەکانی سوپاوە**

**ژەنەراڵ دیمبسی سەرۆکی دەستەی سوپاسالاری ئەمریکا: پاڵپشتیی ئێران بۆ میلیشیا تایفەگەرەکان لە داهاتوودا بە نەرێنی بەسەریدا دەشکێتەوە، هەروەك چۆن لە کەنداو و سووریا و یەمەن و لیبیا هەر بەم شێوەیە بوو**

دەڕی، رایوایە: «ئیمپراتۆریەتی شیعە نزیکە و ئەستەمە دروست نەبێت لە حاڵەتێکدا کە دەوڵەتان و حزب و لایەنە دیموکراسییەکان لەئاست سیاسەتی بە بەرنامەی ئێستای عێراق بێدەنگ بن». هۆشیاری ئەوەشی دا کە «ئێران هەمـوو هێزێکـی دەخاتەگـەڕ بـۆ ئـەوەی عێـراق ببێتـە دەوڵەتێکی شـیعی، ئەوەش لە هەڵسـوکەوت و سیاسـەت و لێدوانانەی ئەوانە دەردەکەوێت کە عێراق بەڕێوەدەبەن.

حوسنی لە درێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان چەند پرسیارێك دەخاتەڕوو: «ئایا حکومەتی عێراق لەو هەشت ساڵەدا لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان رێککـەوت، یـان هـەر وا دەمێنێتەوە؟ ئایا کێشـەکانیان لەگەڵ سوننە چارەسەرکرد یـان هـەر وا دەمێنێتـەوە؟ ئایا حکومـەتی بەغدا بەرژەوەندیی نەتەوەکان و مەسـیحییەکان و ئێزیدییەکان و کەمە ئایینییەکانی دیکەی خستە لە ئەستۆ گرتووە؟»، گوتیشـی: «بـۆ بەدیهێنانـی داواکاریـی میلیشـیا شـیعەکان و مەزارگـە و حوسـێنییەکان بـە ملیۆنـان پارە خـەرج دەکرێـت، بەڵام مووچـەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردسـتان دەبڕێـت، کەسـیش قسـە نـاکات، ئایا ئەوانە رۆڵەی ئەم عێراقە نین؟ دەیان نموونەی واقیعی هەن لە نێوان ئایینـزا و ئاییـن و نەتـەوە و کەمایەتییەکاندا، کوا زەمانەتی سـەقامگیریی ئەمنـی ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و مافی هاونیشتمانی؟

● **نووسـەرێکی ئەمریکی: عەبـادی لـە دەسـەڵاتە نەك لە پۆست**

تاریـق سـەللوم لە بەغداوە بۆ گـوڵان گوتی: «لەوەتەی حەیدەر عەبادی حوکمڕانیی عێراقی گرتۆتەدەست، هیچ شـتێکمان لێـی نەدی، تەنیا بایەخدانـی فراوان نەبێت بە حەشـدی شەعبی و لاسـاییکردنەوەی شێوازەکانی ئێران، هەروەهـا گوێگرتـن لـە لێدوانەکانی هەنـدێ مەرجەعی ئایینـی، کـوا بنەماکانـی دەوڵـەت؟ کوا ئـەو بەڵێنانەی داویەتی بۆ گۆڕینی واقیعی ئابووری؟ کوا بەرژەوەندیی نیشـتمانی لەگەڵ سـوننەدا؟ چارەسـەرکردنی کێشـەکان لەگـەڵ هەولێـر بەکـوێ گەیشـت؟ بۆچـی پێکهاتـەی سـوپای عێراقـی ئاشـکرا نەکرد؟ کوا سـازانی سیاسـی و ناسـنامەی هاووڵاتی؟ چۆن یاسـا لە عێراق جێبەجێ دەکرێـت؟ بۆچـی بەرپرسـانی گـەورە کـە هەڵـە دەکـەن لێپرسـینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت؟ پرسیارگەلێکی دیکەش هـەن کـە وەڵام نەدراونەتـەوە. لـە بـەر ئەوەی سیاسـەتی بـاڵا لـە عێـراق سـەربەخۆ نییـە، ئـەوەی حوکمڕانیـی دەگرێتەدەست فەرمانـەکان لە ئێران و مەرجەعییەکانی ئایینییـەوە وەردەگرێـت، بۆیـە عێـراق بۆتە سـوپایەك لە شیعە، بـە دیاریکراویـش دوای راگەیاندنـی حەشـدی شەعبی کە بریتییە لە میلیشیا شیعەکان.

● **سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی**

حەشـدی شـەعبی دوای شکسـتی مووسـڵ لـە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ پەیدا بوو، ئەویش دوای ئەوەی هەموو پێکهاتـە و تیپـە سـەربازییەکان لـە بەردەم تیرۆریسـتانی داعـش هەڵاتـن، کـە دواتـر داعـش دەسـەڵاتی بەسـەر چەندیـن شـار و شـارۆچکەی دیکـەدا گـرت، بەبـێ ئـەوەی هیـچ هێزو لایەنێکی دیکـەی عێراقی جووڵەیان لێوە بێت، تەنیا پێشـمەرگە نەبێت، بۆیە کاتێ مەترسـی گەیشـتە دەروازەکانـی بەغـدا تەنیـا گوێمان لـە دەنگی مەرجەعییەتـی بـاڵا بـوو کە فەتوای جیهـادی دەرکرد، بەمـەش حەشـدی شـەعبی لەدایـك بـوو، کـە واتـە ئەم حەشـدە لەدایکبـووی فتوایەکی بانگـەوازی ئایینی بوو بە پشـتیوانییەکی سیاسـیی سیسـتماتیك لەلایەن نوری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانی رابردووەوە، سەرەڕای ئەمەش میلیشـیای دیکەش کە پێشـتر یاسـاغ بوون شـوێن پێی خـۆی لـەو حەشـدەدا دۆزییەوە، وەك سـەرایای سـەلام و هێزی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق و حزبوڵلا و باڵی عێراق و .. تاد.

● **راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنەکانی حەشد**

هەنـدێ راپۆرتـی نێودەوڵەتـی و ناوخۆیـی دووپاتیـان کردۆتەوە کە کێشەی زۆری ئەمنی هەن کە بە گوێرەی ئـەو راپۆرتانـە تاوان و سیاسـەتی پاکتـاوی تایفەگەری و کوشـتن و رفانـدن و پـارە لێسـەندن لەسـەر ناسـنامە لەلایەن چەکدارانی حەشـدی شـەعبییەوە ئەنجام دراون، بەرپرسـانی دیکەی عێراقیش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە پێشـێلکاریی مافـی مرۆڤ کـراوە لەلایـەن چەکدارانی حەشـدی شـەعبییەوە، کاتـێ کـە چـەك لـە ئەمریـکاوە رەوانەی عێراق کراوە، بەڵام گەیشـتۆتە دەست حەشـدی شەعبی.

محەمـەد سـالم غەببـان وەزیـری ناوخـۆی عێـراق دانی بـەوەدا نـاوە کـە چەکدارانی نێـو پێکهاتەکانی حەشـدی شـەعبی تاوانـی کوشـتن و رفاندنیـان ئەنجـام داوە، بەڵێنیشـی دا کـە بـە توندی بەرەوڕوویـان ببێتـەوە و بە (تاوانبـاران) نـاوزەدی کـردن، لـەلای خۆیـەوە ئەحمەد ئەسـەدی وتەبێـژی دەسـتەی حەشـدی شـەعبی رەتـی کـردووە کـە ئەو پێشـێلکارییانە هەبن و بـە پڕۆپاگەندەی لـە قەڵـەم دا کـە مەبەسـت شـێواندنی وێنەی حەشـدی شـەعبییە دوای ئـەو سـەرکەوتنانەی بەدیهێنـاون، جەختیشـی لـەوە کـردەوە کـە هەمـوو دەسـتدرێژییەك بۆ سـەر حەشـدی شـەعبی رەتدەکەنـەوە. بـەڵام سیسـتانی مەرجەعـی بـاڵا پێشـتر هەمـوو کردەوەیەکـی کوشـتن و تاڵانـی حـەرام کردبـوو کە هەنـدێ پێکهاتەی حەشـدی شەعبی لە ناوچە سوننەنشینەکان ئەنجامی دەدەن.

**حوسنی سابیر چاودێری سیاسی: ئیمپراتۆریەتی شیعە نزیکە و ئەستەمە دروست نەبێت لە حاڵەتێکدا کە دەوڵەتان و حزب و لایەنە دیموکراسییەکان لەئاست سیاسەتی بەبەرنامەی ئێستای عێراق بێدەنگ بن**

**تاریق سەللوم: لەوەتەی حەیدەر عەبادی حوکمڕانیی عێراقی گرتۆتەدەست، هیچ شتێکمان لێی نەدی، تەنیا بایەخدانی فراوان نەبێت بە حەشدی شەعبی و لاساییکردنەوەی شێوازەکانی ئێران، هەروەها گوێگرتن لە لێدوانەکانی هەندێ مەرجەعی ئایینی**

**محەمەد سالم غەببان وەزیری ناوخۆی عێراق: چەکدارانی نێو پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی تاوانی کوشتن و رفاندنیان ئەنجام داوە و بە توندی بەرەوڕوویان دەبینەوە**




ئیان لەستیک تایبەتمەند لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دەستێوەردانی رووسیا لە شەڕی سووریا کاردانەوەیە بۆ هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە

**پرۆفیسۆر ئیان لەستیك خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، ئێستاش لە هەمان بواردا وانەبێژە لە زانکۆی پەنسلڤانیا. وانەبێژی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرفراوان بوون و داکشانی دەوڵەتان و چەند بوارێکی دیکەیە. هەروەها بایەخ بە توێژینەوە دەدات لە بواری سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان ویستی بیروبۆچوونەکانی بزانێت لە بارەی دۆخی شڵەژاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەبەریەك هەڵتەکانی سیستمی ئەم ناوچەیە و ئەگەرەکانی داڕشتنەوەی سیستمی دەوڵەت تێیدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروڕاکانی خۆی کرد.**

*** دەوترێت سەرچاوەی هێزی داعش لە لاوازیی دوژمنەکانیدایە، چونکە ئێستا دەوڵەتانی ناوچەکە نازناوی دەوڵەتی شکستخواردووی لاوازیان بەسەردا بڕاوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی شکستخواردوویی و لاوازیی ئەم دەوڵەتانە بکرێت بۆ ئەوەی کێشەی تیرۆر یەکلا بکرێتەوە؟**

- پێموایە ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە. خۆزگە بمتوانیایە وەڵامێکی باش بدەمەوە. لەلایەکەوە من لە تێوەگلانی نێودەوڵەتی دەترسم، چونکە لە کاتێکدا کە بە نیازی کەمکردنەوەی توندوتیژی و نەهامەتی ئەم کارە دەکرێت، ئەوا بۆی هەیە ناکۆکییەکە درێژبکاتەوە، ئەویش بەدابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ بەردەوامبوونی لایەنە ناکۆکەکان و ڕێگرتن لە جۆرێك لە سەرکەوتنی تەواو- بەڵام مرۆییانە- کە دەتوانێت بنەما دابنێت بۆ سەقامگیریی داهاتوو. لەلایەکی ترەوە بەجێهێشتنی وڵاتە داڕووخاوەکانیش بۆ چارەنووسی خۆیان خۆی لە خۆیدا کارێکی نامرۆییە، هەروەها دەستێوەردانە ئیستعمارییە نوێیەکان، وەك ئەوەی لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ کرا، مەحاڵە و ئەگەری زۆری هەیە کارەساتبار بێت لەبەر چەندین هۆکار. بەلانی هەرە کەمەوە، پێویست ناکات ویلایەتە یەکگرتووەکان بچێتەوە ناو ئەزموونە گەمژە و شکستخواردووەکانەوە، وەك «چەکدارکردنی میانڕەوەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش». کاتێك شتێك دەکەین، ئەوا پێویستە بە باشی بیری لێکرابێتەوە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی و فرەلایەن کە بتوانرێت بەردەوام پاڵپشتی لێ بکرێت.

*** ناونیشانی سەرەکیی ئەو دۆخەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە لە پرۆسەی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەدایە، بە جۆرێك ناتوانرێ نیزام جێگیر بکرێت لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە پێویستی بە پێداچوونەوە نییە بە سیستمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی جۆرێك لە نیزام بۆ ئەم ناوچەیە بگەڕێندرێتەوە؟**

- ئەگەر جیهان هەوڵبدات سیستەم دابڕێژێتەوە، ئەوا دەرئەنجامەکە بە کۆلۆنیالیزم، یان شێوەیەکی نوێی کۆلۆنیالیزم کۆتایی دێت. لە هەر حاڵەتێکدا، هێزێکی یەکگرتوو نییە کە بتوانێت وەك «جیهان» بیری لێ بکرێتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاسانی بەو شێوەیە پێکنەهێنراوە کە بانگەشەی ئەم جۆرە ئەرکە بکات. لەوانەیە تراژیدییەکە ئەوە بێت تەنیا کاتێك بەرژەوەندییە زیندووەکانی وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لێدەکرێت (وەك ئەوەی لەلایەن بەرنامە ئەتۆمیەکانی ئێرانەوە دەکرێت)، ئەو کاتە دەتوانین پێشبینی کاری یەکگرتووی کاریگەر بکەین. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، چارەنووسی زۆرێك لە وڵاتان مایەی بەرژەوەندی ژیاری نییە بۆ زلهێزەکان. بەڵام ئەگەر دەستێوەردانی ڕووسیا لە سووریا و وەڵامدانەوەی ئەمریکا بۆی هەڵکشانی گرنگی ئەم جۆرە مەسەلەیە بێت، ئەوا بنەماش دابین دەکات بۆ دەستێوەردانی کاریگەر و سیستماتیکی، وەك گەرەنتیکردنی ئەوەی زۆنەکانی نفووز و هاوپەیمانی تەرتیباتی دابەشبوونی لێبکەوێتەوە.

*** دابەشبوونێکی تائیفەگەری لە سەرتاپای ناوچەکەدا بەدی دەکرێت، ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی و پاڵپشتی لە لایەن و دەوڵەتە شیعەکانی ناوچەکە دەکات و دەستێوەردان دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە پێویستی بە هاوکاری ئێران نییە؟**

- بە دڵنیاییەوە تائیفەگەری لە هەڵکشاندایە، ئیدی چ حەشدی سوننی بێت دژی داعش، یان داعش لە دژی شیعە، یان حەشدی شیعە بێت دژی سوننەکانی عێراق. هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی وڵاتێکی گەورە و بەهێزی وەك ئێران لە وردەکارییەکانی سیاسەتی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەدەرنرێت و پێشبینی بکرێت کە چارەنووسی ناوچەکە تێکنادرێت بەم هەوڵە. بۆیە بەڵێ گرنگە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا قبووڵ بکرێت، ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوەش نایەت کە داواکارییەکانی ئێران قبووڵ بکرێت. هەروەها گرنگە ڕۆڵی وڵاتانی دیکەش سنووردار بکرێت کە کاریگەرییان زیاترە لە سەرچاوەکانیان، ئیسرائیل نموونەیەکی بەرچاوە.

*** لە ئێستادا دۆخێکی سەیر دروست بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە لە یەك کاتدا عەرەب و ئیسرائیل هەردوولایان بەرهەڵستی هەوڵەکانی ئێران دەکەن و ترس و نیگەرانییان هەیە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرەڕای چارەسەرنەکردنی ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیلیش ئەگەری ئەوە هەیە عەرەب و ئیسرائیل بەرەیەکی هاوبەش دژی ئێران دروست بکەن؟**

- چەند پێوەندییەکی نهێنی هەیە و لە ئایندەشدا هەر دەبێت، بەڵام کێشەی فەلەستین بەردەوام ڕێگری دەکات لە هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینە و کاریگەر لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننە.

**ئەگەر جیهان هەوڵبدات سیستەم دابڕێژێتەوە، ئەوا دەرئەنجامەکە بە کۆلۆنیالیزم، یان شێوەیەکی نوێی کۆلۆنیالیزم کۆتایی دێت. لە هەر حاڵەتێکدا، هێزێکی یەکگرتوو نییە کە بتوانێت وەك «جیهان» بیری لێ بکرێتەوە**

**پێویست ناکات ویلایەتە یەکگرتووەکان بچێتەوە ناو ئەزموونە گەمژە و شکستخواردووەکانەوە، وەك «چەکدارکردنی میانڕەوەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش». کاتێك شتێك دەکەین، ئەوا پێویستە بە باشی بیری لێکرابێتەوە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی و فرەلایەن کە بتوانرێت بەردەوام پاڵپشتی لێ بکرێت**



## پرۆفیسۆر رەشات کەسابە:

# دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی تورکیا و کوردی وڵاتەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە

پرۆفیسۆر رەشات کەسابە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی نیویۆرک، بەڕێوەبەری قوتابخانەی جاکسۆن-ـە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی. وانەبێژی تیۆریی هاوچەرخی کۆمەڵناسی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی سێ، دەوڵەت و سەرمایەداری، بنچینەکانی سیستمی جیهانی هاوچەرخ و سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراق. هەروەها چەند نووسین و وتارێکی لەبارەی تورکیاشەوە هەیە، لە وانە «مێژووی تورکیا: تورکیا لە جیهانی هاوچەرخدا»، و «تورکیا لە بەردەم دووڕیاندایە». گوڵان چەند پرسیارێك ئاڕاستەکرد لەبارەی هۆکارەکانی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییە و ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەو سەرکەوتنە لەسەر پرسە ناوخۆییەکان و کێشەی کوردی وڵاتەکە و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** هەڵسەنگاندنتان بۆ دوایین هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا چییە و چۆن لە گۆڕانی هەڵوێستی دەنگدەران دەڕوانیت و پارتی داد و گەشەپێدان چی کرد بۆ ئەوەی ئەو سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەیە بە دەست بێنێت؟**

- لەنێوان ئەو دوو هەڵبژاردنەدا ئەکەپە سەرکەوتوو بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەی کە بە بێ حکومەتێکی تاکلایەنەی جێگیر، تورکیا لاواز دەبێت لە ئاست پەلامارەکانی دەرەوە. هەروەها ئەکەپە کارتی نەتەوەیی بەکارهێنا و ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی پەکەکە و بە ناڕاستەوخۆش بەرپرسیارێتییەکەی خستەسەر شانی هەدەپە بۆ ئەو ناکۆکییانەی لە رۆژهەڵاتی وڵات روویان دا و ئەو پەلامارانەی هێزەکانی ئاسایش و لە ئەنجامدا ئەکەپە سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە راکێشانی دەنگدەرە نەتەوەپەرستەکان و زۆرینەی بەدەستهێنایەوە.

*** ئێستا کە پارتی داد و گەشەپێدان زۆرینەی بەدەست هێنا، دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی چ گرفتێك بکات و هەنگاو بۆ یەکلاکردنەوەی چ کێشەیەك هەڵبگرێت؟**

- دەستپێکردنەوەی گفتۆگۆکان لەگەڵ گرووپە کوردییەکان لە تورکیا و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ئەمنییە دەرەکی و ناوخۆییەکان و چارەسەری ئاماژەکانی سستبوون کە لەسەر شانۆی ئابووری کۆبۆتەوە و لە سەرەکیترین کێشەکانن. مەترسییەکی راستەقینە هەیە کە بەردەوام خراپبونی بارودۆخی سووریا کاریگەری زۆری هەبێت و هەڕەشە لە ئاشتی بکات، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان.

*** ئایا بە پێویستی نازانن پارتی داد و گەشەپێدان هەوڵەکانی بخاتەوەگەڕ بۆ ئەوە خاوکردنەوەی ئەو گرژییەی لە وڵاتەکەدا دروست بووە و بۆ رەواندنەوەی ئەو جەمسەربەندییەی هاتبۆوە ئاراوە؟**

- ئەمە کارێکی قورس دەبێت. بۆ ئەکەپە و گرنگە کە هەوڵی راستەقینە بدات بۆ ئەوەی ئەوانەش لەخۆ بگرێت کە دەنگیان پێ نەداوە کە لەسەدا پەنجای دەنگدەرانن. دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ کوردی تورکیا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بەڵام ئاماژە سەرەتاییەکان پێمان دەڵێن کە ئەکەپە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی لاپەسەندە و ئازادییە تاکی و مەدەنییەکان کەم دەکاتەوە. ئەمەش باش نابێت.

*** ئایا لەوە باوەڕەدا نین کە پێویستە لە بری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و شەڕ و پێکدادان دووبارە پرۆسەی ئاشتی لەم وڵاتەدا بخرێتەوەگەڕ؟ ئایا نابێت ئەمە لە ئەولەوییەتی کارەکانی هەموو لایەکدا بێت، چونکە لە شەڕەدا هەموو لایەك زەرەرمەندن و ئاشتیش خزمەت بە هەمووان دەکات؟**

- بەڵێ، زۆر گرنگە پرۆسەی ئاشتی دەست پێبکاتەوە لەگەڵ سەرکردە ناسراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

*** پێشتر تورکیا هەوڵی دەدا کێشەی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا نەمێنێت، بەڵام ئێستا کاتێك لە بارودۆخەکە دەڕوانین، دەبینین کێشەی لەگەڵ زۆربەی دراوسێکاندا هەیە، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- پێموایە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێویستی بە چاکسازی تەواو هەیە. لە رابردوودا سەرکەوتنی تورکیا پشتی بە توانایی ئەو وڵاتە بەستبوو بۆ قسەکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکان و ناوەندێك بوو کە هەموو متمانەیان پێبوو. گرنگە کە سەرکردەکانی تورك بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە لایەندار نەبن لەو ناکۆکییە گەورانەی لە ناوچەکەدا هەیە.

*** ئێستا پێوەندی و پشت بەیەك بەستنێکی ئابووری بەهێز لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە لە رابردوودا هەردوولا لە ناکۆکی توندا بوون لەگەڵ یەکتر و پێوەندیەکانیان پڕ لە گرژی بوو، ئایا پێشینی درێژەکێشانی ئەو پێوەندییانە دەکەن لە ئایندەدا و بەگشتی رەنگدانەوەکانی چۆن دەبینن؟**

- پێشبینی دەکەم پێوەندییە ئابوورییەکان بەردەوام بن. ئەم پێوەندییانە کاریگەری باشیان دەبێت لەسەر پێوەندییە فراوانەکانی تری تورکیا لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تر و دەوڵەتانی دیکەش.

*** ئایا پێتانوا نییە ئەگەری ئەوە لە ئارادا بێت کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنیا لە سنووری پرسە ئابوورییەکاندا نەمێنێتەوە. لەم رووەوە هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی ئەم هەرێمە بە سەرۆکایەتی بارزانی رۆڵ ببینن لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیادا؟**

- لەوانەیە فاکتەر هەبن کە رێگری دەکات لەوەی پەکەکە و گرووپە کوردییەکانی تر بە نزیکی کار لەگەڵ بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن. ئەگەر بەسەر ئەمەدا زاڵ بن و رادەیەك لە متمانە لە نێوانیاندا دروست بێت، ئەوا پێوەندییە باشەکەی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری باشی دەبێت بۆ ئەوەی لە رێی گفتوگۆوە بگەنە چارەسەرێك -بۆ کێشەی کورد-لە تورکیادا.

**ئاماژە سەرەتاییەکان پێمان دەڵێن کە ئەکەپە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی لاپەسەندە و ئازادییە تاکی و مەدەنییەکان کەم دەکاتەوە. ئەمەش باش نابێت**